المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ڕەوشی ئابووری و سیاسیی دیــاربــەکــر لەژێر ڕۆشنایی گەشتنامەکانی سەردەمی عوسمانیدا

سەعدی عوسمان هەروتی

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، عێراق
Email: dr.saadi.harui@hotmail.com

**پوختە:**

دیاربەکر لە سەردەمی عوسمانیدا شارێکی گەورە و ناوەندی ویلایەتێکی عوسمانی بوو، کەوتبووە سەر ڕێگا سەرەکییەکانی گواستنەوە و هاتوچۆ، بۆیە لەم سەردەمەدا چەندین گەڕیدە سەردانیان کردووە. وەك: هەردوو گەڕیدەی عوسمانی (ئەولیا چەلەبی/ ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم) و (عالی بەگ/ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم). هەروەها گەڕیدەی فەرەنسی (ژان ئۆتەر) کە لەساڵی 1743دا هاتووەتە شارەکە. لەگەڵ هەردوو گەڕیدەی ئینگلیزی (کینێر/ 1813) و (ولیەم هیود/ 1817)، هەروەها دوو ئەمریکی (هۆراشیۆ ساوزگێت) و (ئاساهیل گرانت) کە لەساڵی 1839دا گەشتیان بۆ دیاربەکر کردووە. سەرباری (مێجەر سۆن/ 1907)ی بریتانی و چەندانی تر. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە لە ڕێگای زانیاری ئەم گەڕیدانەوە ڕۆشنایی بخەینە سەر باری ئابووری و ڕەوشی کارگێڕی- سیاسیی شاری دیاربەکر لە سەردەمی عوسمانیدا. لە سەرەتای توێژینەوەکەدا ئەم گەڕیدانەمان ناساندووە کە سوودمان لە گەشتنامەکانیان وەرگرتووە. دواتر باسی باری ئابووری کراوە و لەوێدا کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەگەڵ پیشەگەری و کاری دانیشتووان، هەروەها ڕێگاکان وچالاکی بازرگانی، توێژینەوەیان لەبارەوە کراوە. لە کۆتاییشدا ئەو زانیارییانە خراونەتەڕوو کە پەیوەندییان بە لایەنی کارگێڕی- سیاسیی شارەکەوە هەیە.

**کلیلە وشەکان:** عوسمانی، دیاربەکر، گەشتنامە، ڕەوشی ئابووری، باری سیاسی.

**الملخص:**

ان مدينة دياربكر (آمد) كانت في العهد العثماني مدينة كبيرة ومركزا لولاية عثمانية ، كما كانت تقع على إحدى طرق المواصلات الرئيسة. لذلك زارها العديد من الرحالة، نذكر منهم: العثمانيان (اولياچلبي/ اواسط القرن 17) و (عالي بيك/ النصف الثاني من القرن 19). والرحالة الفرنسي (جان أوتر) الذي جاء الى المدينة في عام 1743. وكذلك (كينيير/ 1813) و (وليم هيود/ 1817) وهما من انگلترا. والامريكيان (هوراشيو ساوذگيت) و (آساهيل گرانت) اللذان سافرا الى دياربكر في عام 1839. إضافة الى البريطاني (ميجر سون/ 1907) وآخرون.

وقد حاولنا في هذا البحث إلقاء الضوء على الأوضاع الاقتصادية والاحوال الادارية- السياسية في مدينة دياربكر خلال العهد العثماني، وذلك بالاستفادة من معلومات اولئك الرحالة. وقد تعرفنا في بداية البحث على الرحالة الذين استفدنا من كتبهم. ثم تناولنا الاوضاع الاقتصادية، وقد شمل ذلك الزراعة والرعي مع النشاط الصناعي وحرف السكان وكذلك الطرق والمبادلات التجارية. وفي نهاية البحث عرضنا المعلومات المتعلقة بالحالة الادارية - السياسية لمدينة دياربكر.

**الكلمات المفتاحية:** عثماني، ديار بكر، كتب الرحلات، الحالة الأقتصادية، الوضع سياسي.

**Abstract:**

The city of Diyarbakir (Amade) was a large city and center of an Ottoman Vilayet in the Ottoman era, and it was located on one of the main transport routes. So many of the travelers visited it, including: the Ottoman travelers (Evliya Celebi/ the mid-17th century) & (Ali bek/ the second half of the 19th century). And the French traveler (Jean Otter), who visited the city in 1743. As well as (Kinneir/ 1813) and (William Heude/ 1817) which they comes from England. Also the tow Americans (Horatio Sawthgate) and (Asahel Grant), whom traveled to Diyarbakir in 1839. In addition to the (Soan/ 1907) of England, and others. In this research, we attempted to shed light on the economic and


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

administrative-political situations in Diyarbakir during the Ottoman period, using the information of those travelers. At the beginning of the research, we identified the travelers who have benefited from their books. Then we discussed the economic situation; which included: agriculture & animal husbandry, crafts, the works of the population, as well as trade routes and exchanges. At the end of the research, we presented information on the administrative - political situation of Diyarbakir.

**Keywords:** Ottoman, Diyarbakir, Travel book, Economic condition, Political situation.

## پێشەکی:

گەشتنامەکانی گەڕیدە بیانییەکان بەسەرچاوەی ڕەسەن وپربایەخ دادەنرێن بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو ناوچانەی سەردانیان کردوون. چونکە ئەم گەڕیدانە تێبینی وزانیاری زۆریان لەبارەی ئەو شارو ئاوەدانییانە تۆمارکردووە کە بینیویانە. شاری دیاربەکریش (کەپێشتر ناوی ئامەد بوو)(i) لەبەرئەوەی ناوەندی ویلایەتێکی عوسمانی بوو، هەروەها یەکێك بوو لەشارە گەورەکانی ناوچەکەو کەوتبووە سەر ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانیش، بۆیە لەسەردەمی عوسمانیدا چەندین گەڕیدە سەردانیان کردووەو هەندێکیشیان بۆ ماوەیەك تیایدا ماونەتەوە. وەکو: هەردوو گەڕیدەی عوسمانی (ئەولیا چەلەبی) و (عالی بەگ) کە یەکەمیان لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم و دووەمیشیان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم سەردانی دیاربەکریان کردووە. هەروەها گەڕیدەی فەرەنسی (ژان ئۆتەر) کە لەساڵی 1743دا هاتوتە شارەکە. لەگەڵ هەردوو گەڕیدەی ئینگلیزی (کینیێر/ 1813) و (ولیەم هیود/ 1817)، هەروەها دووی ئەمریکی (هۆراشیۆ ساوزگێت/ 1839) و (ئاساهیل گرانت/ 1839). سەرباری (مێجەر سۆن/ 1907)ی بریتانی و چەندانی تر. لەسۆنگەی ئەمەوە دەکرێ سوودێکی زۆر لەگەشتنامەکانی ئەو گەڕیدانە ببینین بۆ ئاشنابوون بەڕەوشی هەمەلایەنەی ئەم شارە لەسەردەمی عوسمانیدا.

لەبەرئەوەی لەتوێژینەوەیەکی پێشتردا باری ئاوەدانی و لایەنی کۆمەڵایەتی (دیاربەکر)مان باسکردووە، بۆیە لەم توێژینەوەیدا هەوڵدەدەین لەڕێگەی زانیاری ئەم گەڕیدانەوە ڕۆشنایی بخەینە سەر باری ئابووری و ڕەوشی کارگێری- سیاسیی شاری دیاربەکر لەسەردەمی عوسمانیدا. ئەویش بەسۆراغکردنی ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندییان بەم لایەنانەوە هەیە، ئینجا شرۆڤەکردن و بەراووردکردنیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ زانیاری سەرچاوەی تریش، بۆ بەدیارخستنی ڕاستییەکان. بەڵام لەسەرەتادا ئەم گەڕیدانە دەناسێنین کە سوودمان لەگەشتنامەکانیان وەرگرتووە. دواتر باسی باری ئابووری دەکەین و لەمیانەیدا کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەگەڵ پیشەگەری وکاری دانیشتووان، هەروەها ڕێگاکان وچالاکی بازرگانی، توێژینەوەیان لەبارەیەوە دەکرێ. دواتریش لەو زانیارییانە دەکۆڵینەوە کە پەیوەندییان بە لایەنی کارگێری- سیاسیی شارەکەوە هەیە. لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێین کە بۆ دیاربەکر، سەردەمی عوسمانی لەساڵی 1515ز دەستپێدەکات. چونکە لەو ساڵەدا شارەکە هاتەنێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی و تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لەژێر هەژموونی ئەم دەوڵەتەدا مایەوە.(ii)

### باسی یەکەم: ئەو گەڕیدانەی باسی (دیاربەکر)یان کردووە

بێگومان گەشتنامەی گەڕیدەکان بەسەرچاوەی یەکەمی دادەنرێن بۆ مێژوونووسین. سەبارەت بە نووسینی مێژووی شاری دیاربەکریش، خۆشبەختانە لەچەندین گەشتنامەی سەردەمی عوسمانیدا هەواڵ وزانیاریمان دەستدەکەوێ. هەندێ لەم گەڕیدانەش لەنزیکەوە ئەم شارەیان بینیوەو ڕاستەوخۆ زانیارییەکانیان لەبارەی تۆمارکردووە. بەڵام هەندێکی تریان نەچوونەتە نێو شارەکەو لەشوێنێی ترەوە لەبارەیان نووسیوە. بێگومان زانیارییەکانی ئەوانەی بەرایی بەگشتی بۆ ئێمە سوودیان زیاترەو بەکۆڵەگەی سەرەکی توێژینەوەکە دادەنرێن، بۆیە پێویست دەکات باشتر بناسێنرێن.

دیارە هەندێ لەگەڕیدەکان هەر لەناوخۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە گەشتیان کردووەو لەدەرەوە نەهاتوون. لەنێو ئەمانە شدا یەکێکیان کە (نەسوح ئەفەندی سیلاحی ناسراو بە مەتراقی زادە)یە تەنیا بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی هەڵمەتەکەی ساڵی (1534)ی سوڵتان سلێمان قانونی لەخزمەت سوڵتاندا گەشتی کردووە. ئەم گەڕیدەیە کە ئەدیب ومێژوونووس ونیگارکێش و تەنانەت ماتماتیك زانیش بوو، بەووردی وەسفی قۆناغەکانی ڕێگای هەڵمەتەکەی کردووەو تەنانەت نیگاری هەندێ شارو شوێنیشی کێشاوە [مطراقي زادە، 2003: 5-6، 9]. بەڵام جێگەی داخە کە تەنیا هەندێ زانیاری کەمی لەسەر شاری دیاربەکر پێداوین، هەرچەندە ماوەیەك لەشارەکەشدا ماوەتەوە. بەپێچەوانەی ئەمە، گەڕیدەیەکی تری عوسمانی کە ئەویش (محەمەد زیللی کوڕی دەروێش ناسراو بە ئەولیاچەلەبی 1611- 1679؟)یە، زانیاری یەکجار زۆر وهەمەلایەنی لەبارەی دیاربەکر بۆ تۆمار کردووین. ئەم گەڕیدەیە بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە گەڕاوەو بۆ هەرسێ کیشوەری ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیا گەشتی کردووە. زانیارییەکانی گەشتەکانیشی لە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(15) بەرگدا نووسیوەتەوە [مراد، 2004: 47- 48]. گەشتنامەکەی ئەولیاچەلەبی سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە بۆ مێژووی هەموو ئەو ناوچانەی کە باسیان دەکات، ئێمەش سوودمان لەو بەرگە وەرگرتووە کە باسی کوردستان دەکات، ئەویش بەزمانی کوردی ولەڕێی کتێبی (کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا/ یان : سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی) کە لەلایەن (ناکام) وەرگێردراوەو بڵاوکراوەتەوە [بڕوانە: چەلەبی، 1978].

(عالی بەگ) فەرمانبەرێکی تری عوسمانییە کە لەساڵی 1883دا گەشتێکی بۆ ناوچەکە کردووە. ناوبراو پۆستی (بەڕێوەبەری قەرزە گشتییەکان)ی هەبوو لەدەولەتی عوسمانیدا. هەروەها ڕۆژنامەوان وشانۆنووسیش بوو. بۆیە کاتێك ڕاسپێردرا بۆ پشکنین لەهەرێمەکانی (سەعەرد) و (دیاربەکر)، ئەم دەرفەتەی قۆستەوەو گەشتێکی بەرەو عیراق و هیندستان کرد. سەرنج وتێبینییەکانیشی لەبارەی گەشتەکەی تۆمارکرد [عالي بك، 2015: 10، 13]. زانیاری زۆر گرنگیشمان لەبارەی دیاربەکر پێدەدات.

هەرچی ئەو گەڕیدانەن کە لەدەرەوەی دەولەتی عوسمانییەوە هاتوون و وەکو ڕێبوار بەناوچەکەدا گەڕاون، بێگومان زۆربەیان گەڕیدەی ئەورووپایین وبەشێوەیەکی گشتی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری جۆربەجۆر لەبارەی ڕۆژهەڵات گەشتیان کردووە. وەکو گەڕیدەی فەرەنسی (ژان ئۆتەر) کە لەساڵانی (1734- 1743)دا لەدەولەتی عوسمانی وئێران گەڕاوەو بەجوانیش وەسفی دیاربەکرو دەڤەرەکەی کردووە. ناوبراو لەلایەن پادشای فەرەنساوە راسپێردراوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری مێژوویی وجوگرافی وئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی لەبارەی ناوچەکانی ئەم دوو زلهێزەی ڕۆژهەڵات [ئۆتەر، 2013: 9، 11، 17]. لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمیشدا (کارستن نیبور/ 1733- 1815)ی بەڕەچەڵەك ئەڵمانی وبەڕەگەزنامە دانیمارکی گەشتی بۆ ناوچەکە کردووە. ئەو کەزانای ماتماتیك ونەخشەساز بوو، لەچوارچێوەی شاندێکی زانستیدا کاری کردووەو لەسالی 1766دا هاتوتە کوردستان. بۆیە زانیاری وورد وهەمەجۆری لەگەشتنامەکەی تۆمارکردووە [نیبور، 2013: 11-19].

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمدا گەڕیدەیەکی تر بەدیاربەکردا تێپەڕیوەو تێبینی و سەرنجەکانی خۆی لەبارەی خستۆتەروو. ئەویش گەڕیدەی هیندی (ئەبی تالیب خان/ 1753- 1806)ـە کە بەڕەچەڵەك ئێرانییە. ناوبراو لەگەشتێکی ئەوروپا دەگەڕایەوە، کاتێك لەساڵی 1802 بەکوردستانی عوسمانیدا تێپەڕی [ابي طالب خان، 2007: 12- 20]. هەرچی (جۆن ماکدۆناڵد کینێر/ 1872- 1830)ی ئەفسەر ودیبلۆمات وگەڕیدەی بریتانییە، لەساڵی 1813دا ڕاپۆرتێکی جوگرافی لەبارەی ووڵاتی فارس بڵاودەکاتەوە [kinneir, 1813]. هەرچەندە (دیاربەکر) بەشێك نەبوو لەووڵاتی فارس، بەڵام لەم ڕاپۆرتەیدا زانیاری گرنگی لەبارەی ئەو شارە نووسیوە. ئەم زانیارییانەش بەرهەمی ئەو گەشتانەی بووە کە بۆ ناوچەکەی کردووە [wikisource.org/wiki/Kinneir]. بەڵام ئێمە لەو توێژینەوەیەدا تەنیا پشتمان بەم ڕاپۆرتە جوگرافییەی بەستووە کە باسمانکرد. دوای چەند ساڵێکی تر گەڕیدەیەکی تری ئینگلیزی ڕێی دەکەوێتە دیاربەکرو گەلێك زانیاری گرنگمان لەبارەی ئەو شارە بۆ دەنووسێ. ئەمە (ولیەم هیوود/ 1789- 1825)ـە کە لەکۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزی کاری دەکرد ولەساڵی 1817دا لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری هەمەجۆر لەبارەی گەلانی ڕۆژهەڵات، ئەم گەشتەی کردووە [هیوود، 2012: 9-10، 31].

لەکۆتایی سییەکانی سەدەی نۆزدەمیشدا، دوو گەڕیدەی ئەمریکی هەریەکە بەجیا هاتوونەتە دیاربەکر. ئەمانە لەچوارچێوەی شاندی مژدەدەری ئەمریکی بۆ نێو ئاسوورییەکانی ناوچەی ورمێ، ڕەوانەکرابوون. بەڵام ئەوان هەر بەم کارە نەوەستاون ولەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری هەمەلایەنە، بەناوچەکەدا گەڕاون. یەکەمیان کە قەشەیەکی ئینگلیکانی بوو بەناوی (هۆراشیۆ ساوزگێت/ 1812- 1894)، لەساڵانی 1838- 1839دا گەشتێکی چەند مانگی کرد بەنێو ئەرمەنستان وکوردستان ووڵاتی فارس ومیزۆپۆتامیادا. ناوبراو هەردوو زمانی فارسی وتورکی ئازەری دەزانی، بۆیە زانیاری گرنگی لەبارەی شارو ئاوەدانییەکانی ئەم ناوچانە دەستکەوتووە، بەتایبەتی لەبارەی پیشەسازی چنین وبازرگانی[saradistribution.com /horatiosouthgate]. ئەو لەسەرەتای ئاداری 1839دا سەردانی دیاربەکری کردو چەند ڕۆژێك لەوێدا مایەوە، بۆیە چەند لاپەڕەیەکی گەشتنامەکەی بۆ ئەم شارە تەرخانکردووە [Sawthgate, 1840: 290- 297]. گەڕیدەی دووەمیش دکتۆر (ئاساهیل گرانت/ 1807-1844) بوو کە لەساڵی 1835دا هاتبووە ڕیزی مژدەدەرانی ئەمریکی لە ورمێ [biblicalcyclopedia.com /G/grant]، بەڵام لەساڵی 1839دا گەشتێکی بەناوچەکانی کوردستاندا کردو (40) ڕۆژ لە دیاربەکر مایەوە. بۆیە هەندێ تێبینی لەبارەی ڕەوشی ئەم شارە تۆمارکردووە، بەڵام گرنگترینیان ئەوانەن کە پەیوەندییان بەباری سیاسی وئاسایشی دەڤەرەکەوە هەیە [Grant, 1841: 31-33].

گەشتنامەکەی گەڕیدەی ئیسپانی (ئەدۆلفۆ ڕیڤادینیرا 1841- 1882)ش، کە بەناونیشانی (رحلة من سيلان الى دمشق/ گەشتێك لەسیلانەوە بۆ دیمەشق) وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بۆ زانینی ڕەوشی دیاربەکر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، زۆر بەکەڵکە. چونکە ئەم گەڕیدەیە لەتەموزی 1869دا هاتوتە ئەم شارەو ماوەی چوار ڕۆژ و بەگوتەی خۆی لەهەر ڕۆژێکدا شەش کاژێر تیایدا گەڕاوە. بۆیە گەشتنامەکەی بەتایبەتی بۆ سەرنجدانی باری ئابووری زانیاری باشی تێدایە. نەخاسمە کە ئەو بەشێوازێکی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
ص:1-16
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

واقيعيانەو ووردبين نووسيويەتی. ناوبراو وەکو کارمەندێکی دیبلۆماسی وولاتەکەی لەچەندين ناوچەی ڕۆژهەڵات و لەنێويشياندا ئێران وولاتی شام، چەند ساڵێك خزمەتی کردووە. هەروەها لەپاڵ چەندين زمانی ئەوروپی هەندێ زمانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتيشی زانيوە، بەتايبەتی عەرەبی و فارسی [ريفادينيرا، 2009: 9-10، 130]. ئەمانەش دوو هۆکاری ترن کە بايەخی گەشتنامەکەی زياتر دەکەن .

سەبارەت بەسەرەتاکانی سەدەی بيستەميش کە کۆتاييەکانی سەردەمی عوسمانييە، سوودێکی زۆرمان لەگەشتنامەکەی (ئيلی بانستەر سۆن/ 1881- 1923) دەستدەکەوێ. ئەم گەڕيدە ئينگليزە وەك بازرگانێکی کوردی ئێرانی خۆی دەگۆڕێ و لەساڵی 1907دا بەکوردستان وميزۆپۆتاميا دا گەشت دەکات. ئەو نيازێکی هەواڵگری هەبوو بۆيە خۆی فێری زمانی کورديش کردبوو. ئەمە يارمەتيدا بۆ ئەوەی لەگەڵ دانيشتووان تێکەڵ بێت و زانياری ووردی لەسەر ناوچەکە دەستکەوێ [بڕوانە: سون، 1971: 209-221]. بێگومان بەمەش بايەخی گەشتنامەکەی زێدەتر دەبێ، نەخاسمە کە ئەو چەند ڕۆژێك لەدياربەکردا ماوەتەوە.

هەر لەم ماوەيەدا دوو برای سکۆتلەندی بەناوەکانی (دەبليو. ئەی. وێگرام) و) (ئێدگار. تی. ئەی. وێگرام) بەيەکەوە هاتوونەتە کوردستان. يەکەميان کە قەشەيەکی ڕۆشنبيرو نووسەر بوو، لەساڵانی 1897- 1898 بە ئەندامی ئەو شاندە دياری کرا کە لەبريتانياوە بۆ نێو ئاسوورييەکانی هەکاری نێردرا. ئەويش بەناوچەکانی باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەڕاو بۆ ماوەی (10) ساڵ مايەوەو دواجار لەساڵی 1921دا ناوچەکەی جێهێشت. هەرچی براکەی بوو (ئێدگار وێگرام) کە نووسەر ونيگارکێش بوو، نزيکەی شەش مانگ لەکوردستان مايەوە. دواتر بەيەکەوە هاوکارييان کردو کتێبێکيان لەبارەی گەشت ومانەوەيان لەکوردستان دانا [بڕوانە: ويگرام و ويگرام، 2010]. ئەم کتێبەش زانياری گرنگی لەبارەی دياربەکر تێدايە کە لەميانەی توێژينەوەکەدا سووديان لێدەبينين.

سەبارەت بەجۆری دووەمی گەشتنامەکان کە گوتمان دياربەکريان نەبينيوەو لەشوێنی ترەوە هەندێ زانياريان لەبارەی نووسيوە، بەڵام زانيارييەکانيان بۆ ئەم توێژينەوەيە بەکەڵکن، سەرەتا ئاماژە بە زاناو پزيشکی هۆڵەندی (ليۆنهارت ڕاوولف) دەکەين، کە لەساڵی 1573دا بەمەبەستێکی زانستی دەستی بەگەشتەکەی کردووە بۆ ڕۆژهەڵات ولەزستانی 1574- 1575 گەيشتۆتە کوردستان. هەرچەندە ئەو سەردانی دياربەکری نەکردووە، بەڵام لەشوێنی ترەوە هەندێ زانياری نووسيوە کە پەيوەندييان بەدياربەکرەوە هەيە [بڕوانە: راوولف، 2008: 5، 6-7]. دەبێ باسی ڕەبەنی ئيتاڵی (دۆمنيکۆ لانزا/ 1718- ؟)ش بکەين کە لەپێناو کاری مژدەدەريدا لەماوەی ساڵانی (1754- 1761)و (1764- 1770)دا لەموسڵ نيشتەجێ ببوو. لەم ساڵانەدا بينين وسەرنجەکانی خۆی لەشێوەی ياداشت تۆمارکردووە [لانزا، 1953: 3-6]، کە هەندێکيان پەيوەندييان بەدياربەکرەوە هەيە. هەروەها (کلۆديۆس جيمس ريچ)ی جێنشينی بريتانی لەبەغدا، کە لەساڵی 1820دا گەشتێکی بەکوردستانی باشوور وڕۆژهەڵاتدا کردو دواتر تێبينييەکانی لەکتێبێکدا نووسييەوە کە بەسەرچاوەيەکی دەوڵەمەند دادەنرێ بۆ مێژووی کوردستان لەم سەردەمەدا [بڕوانە: ريچ، 2012]. چەند ئاماژەيەکيشی لەبارەی دياربەکر تێدايە.

يەکێکی تر لەو گەڕيدانەی کە سەردانی دياربەکری نەکردووە، بەڵام چەند زانيارييەکی لەبارەی نووسيوە، (جيمس برانت)ی کونسولی بريتانييە لەئەرزەڕۆم. ئەويش لەساڵی 1838دا گەشتێکی بۆ بايەزيد کردووەو بەهەردوو شاری (وان)و (موش)دا تێپەڕيوەو تێبينی ووردی لەبارەی نووسيوە [برانت 1989: 3]. بەتايبەتی لەبارەی پيشەو کاری دەستی دانيشتووان وکاڵا بازرگانييەکان. گەشتنامەکەی گەڕيدەی فەرەنسی (هنری بندێ)ش لەوانەيە کە هەندێ زانياری لابەلا بەڵام گرنگی لەسەر دياربەکر تێدايە، هەرچەندە خۆی نەچۆتە ئەو شارە. ناوبراو لەساڵی 1885دا لەڕێگای گورجستان وئازەربايجانەوە هاتۆتە کوردستان و لە (ورمێ)و (وان)ـەوە بەرەوخوار هاتووە تا بەغدا. لەوێشەوە تا (کرمانشا) و(تاران) چووەو لەکۆتاييشدا گەڕاوەتەوە پاريس [بنديە، 2001: 7].

بێجگە لەمانەی باسمانکردن، سوودمان لەزانياری هەندێ گەڕيدەی تريش وەرگرتووە کە سەردانی دياربەکريان کردووە. بەڵام بەشێوەيەکی ناڕاستەوخۆ زانيارييەکانمان وەرگرتوون، چونکە دەستمان بەگەشتنامەکانيان ڕانەگەيشتووە. بەتايبەتی هەندێ گەڕيدەی ڕوسی کە لەڕێی دوو ژێدەردا [دانتسيغ، 1981: 289، 308؛ شفيلی، 2008: 33- 34] سوودمان لێ بينيون. بەهۆی ژێدەرێکی تريش کە باسی گەڕيدە ئەوروپاييەکان دەکات لەعيراقدا، زانياری گەڕيدەيەکی بريتانيمان بەکار هێناوە، کە لەساڵی 1864دا سەردانی دياربەکری کردووە. ئەم گەڕيدەيە ناوی (جۆن ئاشەر)ـە و ئەندامی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانە بووە لە لەندەن [رحالة اوروبيون، 2007: 121- 124]. ئەمانەش بەگشتی بۆ توێژينەوەکە بەکەڵکن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

### باسی دووەم: باری ئابووریی دیاربەكر بەپێی زانیاری گەشتنامەكان

گومان لەوەدانیە كە یەكێك لەهۆكارە سەرەكییەكانی گەشتی گەڕیدەكان بۆ ڕۆژهەڵات، پاڵنەری ئابووری بووە. بۆیە لەگەشتنامەكانیان سەرنجی هەموو بوارەكانی ئابوورییان داوە؛ بەتایبەتی كشتوكاڵ وبەروبوومەكانی، پیشەگەری وكارو پیشەی خەڵك، بازرگانی وڕێگاكانی گواستنەوە. كەزانیاری زۆریان لەبارەیانەوە نووسیوە.

#### أ- كشتوكاڵ وئاژەڵداری:

بێگومان سەرزەمینی دیاربەكر زەوییەكی بەپیت و پڕ خێروبێرو هەروەها ئاوی زۆرو كەشوهەوای گونجاوی هەبوو بۆ كشتوكاڵ. دانیشتووانەكەشی ئەزمون وشارەزایی باشیان هەبوو لەكشتوكاڵ وچاندندا. دیارە ئەمانەش سەرنجی چەندین گەڕیدەیان ڕاكێشاوە. لەپێش هەموویاندا (ئەولیا چەلەبی) كە دەڵێ: "شاری دیاربەكر خۆی كەوتۆتە نێو ڕەقەنێك، بەڵام ناوچەكانی دەوروپشتی حەوت جۆرە گەنمی دەنك درشت وجۆ و پاقلەی هەیە... بەهۆی ئاوەدانی وڵاتەكەیەوە كێڵگەو زەوییەكانی زۆر بەپیتن". بەتایبەتی زەوییەكەی قەراخ دیجلە كە خەڵكی شارەكە سوودیان لێدەبینی بۆ چاندنی شفتی وكاڵەك وسەوزە [چەلەبی، 1978: 61، 63]. گەڕیدەیەكی تریش لەسییەكانی سەدەی نۆزدەمدا دەڵێ: "زەمینی نێوان دیجلەو بنكەی ئەو تەپۆلكەی كە شارەكەی لەسەر بنیادنراوە، زەوییەكی مێرگەو باغ وبێستانێكی فراوانەو بەئاگاییەكی زۆرەوە ئاودراوەو كێڵراوە. بەدەوڵەمەندترین سەمادیش پەیینكراوە، بۆیە چەندین جۆر میوەی نایاب بۆ شارەكە دابین دەكات" [Sawthgate, 1840: 292]. یەكێكی تریش لەكۆتایی شێستەكانی هەمان سەدەدا كاتێ دەگاتە نزیك دیاربەكر، لەشێوەی پەخشان وێنای زەمینی دەوروبەری دەكات ودەڵێ: لەخوارووی ئەو بەرزاییەی كە دیاربەكری لەسەر بنیادنراوە ئاوێكی زۆر دەڕوا كە داری توو و سوورەچنار و بی و قەیسی و گوێز و مێو هەنجیر ئاودەدا. لەلای ڕاست و چەپی ئەم ڕووبارە لەزەوییە تەپۆلكاوییەكە بێستان وباغ و مێرگی گژوگیای زۆر هەن [ریفادینیرا، 2009: 126].

لەنێو ئەو بەروبوومانە كاڵەكی دیاربەكر لەهەمووان زیاتر بووەتە جێی سەرنجی (ئەولیا چەلەبی) چونكە بەگوتەی ئەو "بۆ خۆشی وشیرینی هاوتای نیە" [چەلەبی، 1978: 62]. بێگومان ئەم كاڵەكە زۆر نایاب بووە بۆیە هەندێ گەڕیدەی تریش ئاماژەیان پێكردووە [ئۆتەر، 2013: 115- 116]. هەروەها (شفتی)یەكەشیان بەناوبانگ بووەو شایستەی پێداهەڵدان بووە [Sawthgate, 1840: 292]. بەو پێیەی زۆر بەتام و هەروەها لەڕادەبەدەریش گەورە بووە، چونكە (عالی بەگ) دەڵێ هەر یەكێكیان (45) ئۆقیە[iii] دەبوو، ئۆقیەی دیاربەكریش (500) درهەم بوو [عالي بك، 2015: 23]. دیارە نایابی ئەم شفتی وكاڵەكەش بۆ شێوازی چاندنەكەی دەگەڕایەوە، چونكە (ژان ئۆتەر) دەڵێ تۆی كاڵەكەكە تێكەڵی جیقنە كۆتر دەكەن ئینجا لەخاكێكی پەیینكراو بە ڕیخ دایدەچێنن [ئۆتەر، 2013: 115- 116]. گەڕیدەیەكی تریش باسی ئەم جۆرە پەیینە دەكات ودەڵێ لەگوندێكی نزیك شارەكە، ژمارەیەكی زۆری كۆتر بۆ ئەو مەبەستە ڕادەگرن. هەروەها دەڵێ شفتییە بەتامەكەی ووڵاتی فارسیش هەر بەم شێوەیە پەیدادەبێ [Sawthgate, 1840: 292].

خەڵكی ئەم دەڤەرە (پەیین)یان بۆ هەموو كێڵگە كشتوكاڵییەكان بەكاردەهێنا. هەروەها بە مانگای بەهێز وبەرز گاسنیان ڕادەكێشا، بۆیە كێڵگەكانیان چاك دەچێنرا ودەغڵودانیان دەگەیشتە ئاستێكی بەرزی تەواو. (ولیەم هیوود) لەبارەی كێڵگەكانی دیاربەكر دەڵێ: "لەماوەی سەفەرێك كە هەزار میلمان بڕی، ئەوە تاقە ناوچەیەك بوو كە بەشێوەیەكی نیزامی چێنراو بێ كە من بینیبم" [هیوود، 2012: 91]. هەر لەم ماوەیەدا گەڕیدەی تریش ئاماژە بەوە دەكەن كە دەوروبەری شارەكە بەبەرهەمەو چاك كێلراوە [kinneir, 1813: 334]. (ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا)ی ئیسپانی زانیاری ووردترمان دەداتێ و دەڵێ سەبارەت بە بەرهەمە سروشتییەكان، لەدیاربەكر هەموو شتێك هەیە كە كەسێك لەم ناوە حەز بەخواردنی بكات، لەنێویشیاندا برنج. بەڵام گەنم بەروبوومی بنەڕەتییە كە هەناردە بكرێ.چونكە ئەم جۆرە دانەوێڵەیە لەڕووبەرێكی فراواندا دەچێندرێ. ناوبراو ئاماژە بە زۆریی بەرهەمی میوەو هەموو جۆرەكانی سەوزەش دەكات لەشارەكەدا [ریفادینیرا، 2009: 132].

گەشتنامەكان زانیاریمان لەبارەی هەندێ بەرهەمی تری ئەو دەڤەرە پێدەدەن؛ وەكو هەنگوین وگەزۆ. بێگومان ئەمەی دوایی بەرهەمێكی سروشتییەو لەسەر گەڵای هەندێ دروخت پەیدا دەبێ و دەكرێتە شیرینی، بۆیە (ئەولیا چەلەبی) ناوی دەنێ (حەلوای خوایی). دیارە دیاربەكر لەو سەردەمەدا چەندین بەرهەمی كشتوكاڵی و سروشتی تریشی هەبوو [بروانە: سامی، 1891: 3/ 2203]، بەڵام گەڕیدەكان ئاماژەیان بەهەموویان نەكردووە.

سەبارەت بەئاژەڵداری و بەخێوكردنی مەڕوماڵات لەدیاربەكر، تەنیا لەیەك گەشتنامەدا زانیاریمان دەستدەكەوێ، ئەویش گەشتنامەكەی (ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا)ی ئیسپانییە؛ ناوبراو لەم ناوچەیە باسی ئەوە دەكا كە كاوڕەكان[iv] سەرنجیان ڕاكێشاوە. ئەویش نەك لەبەر زۆری ژمارەیان، چونكە وەك خۆی دەڵێ لەشێوەی ڕانی زۆر گەورە لەهەموو شوێنێكی دەڤەرەكە بینیویەتی. بەڵكو


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەهۆی نەرمی خورییەکەیان و قورسایی کێشیان، کە هەندێکیان لە (50) کیلۆگرام زیاتر بوون. بۆیە هەندێ لەو کاوڕانە بەهۆی قورساییەکەیان بەئاستەم دەیتوانی بڕوات. ئەو گەڕیدەیە پەسنی هێسترەکانی دەڤەرەکەش دەکات و دەنووسێ تایبەتمەندی زۆرباشیان هەیە؛ دەڵێ لاشەیان لەهێسترەکانی ئێمە بچووکترە بەڵام بەهێزتر و خێراتر و هەروەها زیاتر جێگەی دڵنیایین [ریفادینیرا، 2009: 132].

**ب- پیشەگەری وکارو پیشەی خەڵك:**

بێگومان دیاربەکر یەکێك بوو لەشارە هەرە گەورەکانی ناوچەکە وخەڵکێکی زۆری تێدا دەژیا [اولیفییە، 1988: 28؛ عالي بك، 2015: 22]. بۆیە دەبێ چەندین کارو پیشە لەم شارەدا هەبووبێ تا ئەم خەڵکە بژێوی خۆیان وخێزانەکانیان لێ بەدەست بێنن.لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا خەڵکێکی زۆری شارەکە خەریکی بازرگانی بوون. زۆربەی ئەوانیتریش لەشاردا پیشەی خۆیان هەبوو بەتایبەتی لەکاری پیشەگەریدا بژێوییان دەست دەکەوت. وەکو ئاسنگەری، مسگەری، زێڕنگەری، زیوگەری، بەرگدروو، پێڵاودروو، کورتاندروو، کوتاڵفرۆش، گەوهەرفرۆش، قەزازی (کاری ئاوریشم)، دەڵاڵی وقەڵەمکاری. بێگومان هەبوونی گەرماو وکاروانسەراو شوێنی خزمەتگوزاری تریش، ئاماژەیە بۆ هەبوونی کەسانێك کە لەو شوێنانە کاریانکردووە [چەلەبی، 1978: 48- 49، 50- 51، 61- 62].

بێگومان لەشارێکی گەورەی وەکو دیاربەکردا بازاڕ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەچالاکی ئابووریدا، چونکە دەبێتە شوێنی کاری بازرگانان و بەتایبەتیش پیشەگەران. بەپێی گوزارشی (ئەولیا چەلەبی) بازاڕی هەمەجۆر بوو، چونکە بەپێی کاڵاو هەروەها جۆری پیشەکان دابەش ببوو؛ وەکو: بازاڕی عەتاران، بازاڕی دەڵالان، ئاسنگەران، گەوهەر فرۆشان، زێڕنگەران، پێلاودرووان، کورتاندرووان، قەزازان، هەروەها بازاڕی بەزازان. هەر بەگوتەی ناوبراو پیشەگەرانی ئەم شارە چەندین جۆری کەلوپەلیان دروستدەکرد و لەهەموویاندا کارامەو لێهاتوو بوون و هەندێ دروستکراویان بەناوبانگ بوو؛ بەتایبەتی شمشێر وخەنجەرو وەرم ونوکەتیر و دەمانچەو تەورو قوڵنگ. زێڕنگەرەکانیش لەکاری زێڕو بەردی بەنرخدا و مسگەرەکانیش لەدروستکردنی قاپەکاندا "بێ وێنە" بوون. هەروەها قەلەمکارەکانیشیان لەوێنەو نیگارکێشاندا زانا بوون. لەم شارە جاوی سوور و سەختیانی گوڵدار و پاپوچ و جزمەش دروستدەکران. (ئەولیا چەلەبی) باسی ئەوە دەکات کە پیشەگەرەکان لەکاتی کارکردندا چەکوچەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقاو مەقامەکان لێدەداو خۆشیان لەگەڵیان دەگوت [چەلەبی، 1978: 49، 61].

دیارە هەر لەم ماوەیەدا پیشەگەرانی دیاربەکر مۆرکی تایبەتی خۆیان بەهەندێ جۆری کاڵا وەنابوو. وەکو تایبەتمەندبوونی دەباغچییانی شارەکە بە بەرهەمهێنانی پێستی سوور؛ بۆیە (تاڤەرنێ 1605- 1689)ی گەڕیدەی فەرەنسی لەساڵی 1644دا دەڵێ: "پێستەی زەرد لە ئورفا و شین لەتۆقات و سووریش لەدیاربەکر لەبەردەکرێ" [تافرنییە، 2006: 35].

لەزانیاری هەندێ گەشتنامەی تردا بۆمان بەدیاردەکەوێ کە لەسەدەکانی دواتریشدا کاری پیشەگەری لەدیاربەکردا ڕەواجی هەبووە، بۆ نمونە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمدا ئاوریشم ومس وئاسن لەلایەن خەڵکی شارەکە بەرهەمهێنراوە [kinneir, 1813: 334]. هەروەها لەساڵی 1820دا هەندێ کاڵای دروستکراوی ئەو شارە فرۆشراوەتە موسڵ و لەوێشەوە براوە بۆ سلێمانی [ریچ، 2012: 88]. بەگوتەی گەڕیدەیەك کە لەساڵی 1869دا سەردانی دیاربەکری کردووە، کاری دەستی زێڕنگەران و زیوگەرانی شارەکە لەو دەمەدا ناوبانگی هەبووە، بەتایبەتی لەداڕشتنی شێوەی تەل [ریفادینیرا، 2009: 132].

هەندێ لەدەزگا پیشەگەرییەکانی دیاربەکر بەیتایبەتیا پەرەیان سەندووەو بوونەتە کارگەو کەرستەی خاویان لەشارەکانی دەوروبەرەوە بۆ چووە [برانت، 1989: 96]. هەروەها بەکۆمەڵ لەجۆرێکی دیاریکراوی بەرهەمی پیشەسازیدا کاریان کردووە. بۆیە لەنیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا دەبینین بەشێکی دانیشتووانی شارەکە لەپیشەسازی سۆلەو پێڵاودا کاریان کردووە کە لەپێستی مەڕ و مانگا دروست دەکرا. بەشێکی تریش لەپەرەکردنی لۆکەو هەندێکیش کاریان شووشتنەوەی خوری بووە [ریفادینیرا، 2009: 132]. بەگشتی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا (28) کارخانەی پێستەخۆشکردن (دەباغخانە) و (21) کارگەی کوتاڵ چنین و (30) بۆیەخانەو (12) شوێنی مسگەری و(9) شووشوگەری و(10) کارخانەی گۆزەگەری لەم شارەدا هەبوون. هەروەها چنراوی (ئاوریشم)یش بەرهەم دەهێنرا [سامی، 1891: 3/ 2202].

دیارە هەندێ کارو پیشە تایبەت بووە بەگروپێکی دیاریکراوی دانیشتووان، بەگوتەی (مێجەر سۆن) پیشەگەرانی شارەکە بەتایبەتی ئەوانەی لەدروستکردنی قاپوقاچاغی مسدا کاریاندەکرد، بەزۆری ئەرمەن بوون. ئیشی بارکردن و(حەماڵی)ش کوردەکان دەیانکرد، بۆیە کوردێکی بەهێزی ڕاسپارد بۆ هەڵگرتن وگواستنەوەی کەلوپەلەکانی بۆ سەر زێیەکە. بەڵام هەر کوردێکیش خاوەنی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەو (کەڵەك)ـە(v) بوو کە ئەوانی بەدیجلەدا دەگواستەوە. کەچی پاسەوانی کاروانسەراکە و ئەو دوکاندارەی هەندێ کاڵایان لێکڕی ئەرمەن بوون[ سون، 1970: 85، 87، 92، 96، 98].

لەم بارەیەوە جێگەی سەرنجە کە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، دیاربەکر بەپیشەسازی قاپوقاچاغی مس بەناوبانگ بووە [سون، 1970: 87]. هەر لەم ماوەیەدا بەهۆی زۆری مازووەوە دەباغی باش پەرەیسەندووە. هەروەها خشڵی زیو وپێڵاوی چەرم وکوتاڵی هەمەجۆریش بەرهەم دەهێنرا؛ بەتایبەتی جۆرێك کوتاڵ کەپێی دەگوترا (شەیتان بێزی/ کوتاڵی شەیتان) کە کوتاڵێکی نەرم ونەخشینی هێڵداری ئاوریشم بوو. ئەو تاڵانەی کە پێویست بوون بۆ چنینی کوتاڵ هەندێکیان هەر لەم شارە دەڕێسرا، بەڵام هەندێکی لەدەرەوە دەهێنرا. بەڵام ئەم کاڵایانە هەموویان بەشێوازێکی سەرەتایی و بەکاری دەست بەرهەم دەهێنران. بۆیە نەیاندەتوانی کێبڕکێی کاڵا ئەورووپییەکان بکەن کە بەرهەمی ئامێری پێشکەوتوو بوون بەپێوەری ئەو سەردەمە. سەرەنجام بەرهەمی ناوخۆ بەرەبەرە لەبازاڕەکاندا لەپاشەکشە دابوو، وەکو گەڕیدەیەکی ڕوسی لەساڵی 1907دا تێبینی کرد [شفیلی، 2008: 33- 34].

**ج- بازرگانی:**

شاری دیاربەکر بەهۆی گەورەیی وفراوانی بازاڕەکەی لەلایەك و هەڵکەوتەی جوگرافی لەلایەکی ترەوە، ببووە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی لەناوچەکەدا. بۆیە لەهەموو ویلایەتەکانی ترەوە بازرگان ڕوویان تێدەکرد. هەروەها چەندین ناوەندی بازرگانی پەیەکەوە دەبەستەوە و گەلێك ڕێگای بازرگانی سەرەکیش بەم شارەدا تێپەڕ دەبوون؛ لەگرنگترینیان ڕێگای بەغدا- کەرکوك- موسڵ- دیاربەکر بوو یان بەپێچەوانەوە، کە ڕێگایەکی سەرەکی کاروانە بازرگانییەکان و هەروەها پۆستەو هەڵمەتە سەربازییەکانیش بوو. چونکە ئەم ڕێگایە لەدیاربەکرەوە درێژدەبۆوە بۆ ئەستەنبوڵی پایتەختی عوسمانی [حسین، 2006: 358]. گەڕیدەیەکی هۆڵەندی زۆر پەسنی ئەم ڕێگایە دەکات و دەڵێ ڕێگایەکی "خۆشترو ئاسانترو کەم مەترسیترو ئەمینترە" [اینهولت، 2012: 121]. ئەم ڕێگایە لەموسڵەوە بەدوو ئاراستە دەگەیشتە دیاربەکر، یەکەمیان: موسڵ- زاخۆ- جزیرە- نسێبین – ماردین- دیاربەکر بوو، یان بەپێچەوانەوە. کە (جۆن ئاشەر) لەدیاربەکرەوە پێیدا ڕۆیشت بەرەو موسڵ [رحالة اوروبیون، 2007: 124]. (تاڤەرنێ)ی فەرەنسی لەسەدەی حەڤدەمدا دەڵێ تەنیا بڕینی ماوەی نێوان دیاربەکر و جزیرە بۆ کاروانەکان چوار ڕۆژی دەخایاند [تافرنییە، 2006: 85]. ئاراستەی دووەمیش لەموسڵەوە بەرۆژئاوای دیجلەدا بەرەو نسێبین و ماردین وئینجا دیاربەکر. ئەمەی دووەمیان چونکە بەناوچەی ئێزیدییەکان تێپەڕ دەبوو، بۆیە بەڕێگایەکی مەترسیدار دادەنرا. بەپێچەوانەی ڕێگای یەکەمیان کە دڵنیاتر بوو. (ژان ئۆتەر) خۆی ئەمەی دەزانی بەڵام ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد وپێیدا تێپەڕی و بەساغی گەیشتە دیاربەکر [ئۆتەر، 2013: 102- 111]. (ئەبی تالیب خان)یش هەرچەندە لەو ڕێگایە ترسێندرابوو، بەڵام لەدیاربەکرەوە پێیدا تێپەڕی بەرەو موسڵ. ئینجا زانی کە ڕێگایەکی وا مەترسیدار نیە [ابي طالب خان، 2007: 248]. دیارە ئەم ڕێگای دووەمیان کورتتر بوو هەروەها تەختتر بوو بۆیە هەندێ گەڕیدەی تریش گرتویانەتەبەر [اولیفییە، 1988: 30- 42].

شاری دیاربەکر چەندین ڕێگای تری لێوە دەردەچوو؛ وەکو ڕێگای دیاربەکر- ئورفە- حەلەب [لانزا، 1953: 76]، کە (نیبور) لەگەڵ کاروانێکی بچووکدا پێیدا ڕۆیشت بەرەو حەلەب [نیبور، 2013: 200]. بەگوتەی (تاڤەرنێ) کاروانە بازرگانییەکان لەدیاربەکرەوە شەش ڕۆژە ڕێ دەڕۆیشتن ئنجا دەگەیشتنە ئورفە [تافرنییە، 2006: 85]. بێگومان ئەم ڕێگایە بایەخێکی ستراتیژی هەبوو، چونکە ئەمە دەروازەیەك بوو بۆ دەریای ناوەڕاست ودواترووڵاتانی ئەوروپا [الخیاط، 1966: 37]. (راوولف)ی گەڕیدەی هۆڵەندی خۆی کاروانێکی بازرگانی بینی کە لەهەولێرەوە دەردەچوو بۆ دیاربەکر و لەوێشەوە بۆ حەلەب تا کاڵاکانیان بفرۆشنە ئەو بازرگانانەی کە دەیانبرد بۆ ئەوروپا [راوولف، 2008: 226]. ڕێگایەکی تریش لەدیاربەکرەوە بەئاراستەی ڕۆژهەڵات دەردەچوو بۆ بەدلیس و وان [حسین، 2006: 358]. (جۆن ئاشەر) ئەم ڕێگایەی گرت و لە(بەدلیس)ـەوە چووە (سەعەرد) و دواتر گەیشتە دیاربەکر [رحالة اوروبیون، 2007: 122]. هەروەها ڕێگایەك لەنێوان دیاربەکر و شاری (دیمەشق)یش هەبوو کە ناوەندی سەرەکی ووڵاتی شام بوو [تافرنییە، 2006: 92].

کەواتە شاری دیاربەکر بەهۆی ئەم ڕێگایانەوە باکووری سوریای بەناوچەی دەریاچەی وان و هەروەها باشووری کوردستان دەبەستەوە. بەهەمان شێوە موسڵ و بەغداشی بەشارەکانی سەر دەریای ڕەش دەگەیاند [شفیلی، 2008: 33]، بەتایبەتی (تەرابزۆن). (هنری بندێ) باسی ڕێگایەك دەکا لەبەغداوە بۆ موسڵ و دوای تێپەڕبوون بەدیاربەکر و موش دەگەیشتە ئەرزەرۆم ئینجا تەرابزۆن. هەرچەندە ناوبراو وەکو ڕێگای پۆستە ئاماژەی بەمە کردووە [بندیە، 2001: 126]، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە کاروانە بازرگانییەکانیش بەکاریان هێناوە. هەر لەدیاربەکرەوە ڕێگایەك هەبوو بۆ (سامسۆن) کە ئەویش بەندەرێك بوو لەسەر دەریای ڕەش و کاڵای زۆری لێوە هەناردە دەکرا، وەکو ڕۆژنامەنووسێکی ڕوسی لەساڵی 1872دا بینی [دانتسیغ، 1981: 308].

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەمانەی باسمانکردن هەموویان ڕێگای ووشکانی بوون، بەڵام دیاربەکر ڕێگایەکی ئاویشی هەبوو؛ ئەویش ڕێگای دیجلە بوو بەرەو موسڵ بەسواری کەڵەك، بەتایبەتی کاتێ زێیەکە پڕ ئاو دەبوو. ئەم ڕێگایە بەگوتەی (جۆن ئاشەر) سەلامەتتر و هەروەها خێراتریش بوو، بۆیە بازرگان وڕێبواران پێیان لەڕێگەی ووشکانی باشتر بوو [رحالة اوروبيون، 2007: 124]. (هنری بندێ)ی فەرەنسی لەدەروازەی باکووری موسڵ چەندین کەڵەك و هەروەها بەلەمی بچووکی بینی کە لەدیاربەکرەوە هاتبوون [بنديه، 2001: 54- 55، 64]. ئەم ڕێگایەی گواستنەوە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش بەکاردەهات. بۆیە (مێجەر سۆن)یش هەر بەسواری کەڵەك چووەتە موسڵ. بەگوتەی ئەو ئەم ڕێگایە لەباری ئاساییدا (5) ڕۆژی پێچووە، بەڵام ئەگەر باو باران بووایە لەوانەبوو بگاتە (12) ڕۆژ. بۆیە بای چەند ڕۆژێك خواردنیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت [سون، 1970: 92]. لەم بارەیەوە جێگەی سەرسوڕمانە کە (ژان ئۆتەر) باسی دروستکردنی جۆرە گەمییەکی سەربەستراو دەکا لەبەسرا، دەڵێ بێجگە لەڕێگای نێوان بەغداو هیندستان، هەر بەو گەمییانە تا دیاربەکریش هاتوچۆیان کردووە [ئۆتەر، 2013: 54]. بێگومان ئەم زانیارییە ڕاستە، چونکە نزیکەی سەدەیەك پێشتر، (تاڤەرنێ) لەشاری بەسرا پێمان دەڵێ ئەو بازرگانانەی لە دیاربەکر و موسڵ و بەغدا و میزۆپۆتامیاوە هاتوون، کاڵاکانیان بەڕێگای ئاوی بەدیجلەدا دەگوازنەوە [تافرنييه، 2006: 72]. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لەو سەردەمەدا ئەم ڕێگا ئاوییە هەر لەباکوورەوە بۆ باشوور بەکارهێنراوە. چونکە ئەستەم بوو کەشتییەکان بەپێچەوانەی ئاراستەی دیجلە بڕۆن.

لەشارێکدا کە مەڵبەندی بازرگانی بێ، بێگومان خەڵکی شارەکەش لەبازرگانیدا ڕۆڵیان دەبێ. بۆ دیاربەکریش هەروابوو؛ بۆیە (ئەولیا چەلەبی) لەم شارەدا دەڵێ: "زۆربەی خەڵکەکە بازرگانن و بازرگانی قورسیشیان تێدایە" [چەلەبی، 1978: 62]. ئەوانیش نەك تەنیا لەنێو شاردا بەڵکو لەدەرەوەشدا کاریان دەکرد. وەکو ئەوەی هەندێ بازرگانی دیاربەکر دەچوونە ناوچەکانی دەوروبەر بۆ کڕینی بەرهەمە خۆمالییەکانیان [برانت، 1989: 73]. هەندێکی تر لەئاستێکی فراوانتر واتە لەنێوان شارەکاندا بازرگانییان دەکرد؛ دکتۆر (ڕاوولف)ی هۆڵەندی کە لەسەرەتای ساڵی 1575دا لەهەولێر بوو، بازرگانێکی ئەرمەنی لەم شارەدا بینی کەخەڵکی دیاربەکر بوو. ئەم بازرگانە بۆ کڕینی مازوو هاتبووە هەولێر و باری (50) ووڵاغی لەم ماددەیە بارکردبوو بۆ ئەوەی بیباتە حەلەب ولەوێ بیفرۆشێ. بەگوتەی ناوبراو ئەم بازرگانە زۆر دەوڵەمەند بوو، بەجۆرێك قەرزی دابووە سەرداری هەولێر [راوولف، 2008: 226]. لەڕێی زانیارییەکانی (تاڤەرنێ)ی فەرەنسیشەوە دەزانین کە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا، بازرگانانی دیاربەکر کاڵایان بۆ شاری بەسرا هێناوە [تافرنييه، 2006: 72]. بێگومان ئەم کاڵایانەش بۆ هەناردنی دەرەکی هێنرابوون، چونکە بەندەری بەسرا دەروازەیەکی دەوڵەتی عوسمانی بوو بۆ بازرگانی جیهانی.

بازاڕەکانی شاری دیاربەکریش زۆر ئاوەدان بوون و جمەیان دەهات. وەکو گوزەری کوتاڵ فرۆشان لەبازاڕی سوپادا کە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا "هەرچی کاڵاو ماڵ وکوتاڵ و گەوهەری بەنرخ" بوو لەوێدا هەبوو [چەلەبی، 1978: 49]. لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمیشدا بازاڕەکانی شار پڕ لەکەلوپەل بوون وگەورە بوون [هيوود، 2012: 93]. بەتایبەتیش پڕکرابوون لەدانەوێڵەو ئازوقە [kinneir, 1813: 334]. بێگومان لەماوەکانی دواتریشدا هەروابووە؛ بۆ نمونە لەساڵی 1907دا (مێجەر سۆن) ئەم کاڵایانەی لەبازاڕی شارەکەدا کڕی: ڕەژوو/ خەڵووز، نان، برنج، چای، شەکر، کەرە، نیسك، بازلیا، بامیەی ووشککراوە، سەوزە، بیبەر وخوێ و هەندێ میوەی ووشککراوە. بەگوتەی خۆی لەسەعات (9)ی بەیانییەوە تا پێش خۆرئاوا خەریکی کڕینی ئەم ماددانە بوون، چونکە گفتوگۆو مامەڵەیەکی زۆریان لەسەر کردووە. هەروەها دەبوو زۆر ووریا بن تا فێڵیان لێ نەکرێ. بۆ نمونە دوکاندارێکی ئەرمەنی خەریك بوو شەکرێکی خراپی ئوسترالی پێدەفرۆشتن بەناوی شەکری ئینگلیزی [سون، 1970: 92، 93]. لێرەشدا قسەکەی پێشووی (عالی بەگ)مان دێتەوە یاد کە باسی ساختەکاری خەڵکی شارەکە دەکات. بەڵام بێگومان ئەمە حالەتێکی تاك بوو نەك گشتی.

هەر ئەو گەڕیدەیە (واتە: سۆن) باسی ئەوە دەکا کە کوردانی دەوروبەر دەهاتنە دیاربەکر بۆ کڕینی پێویستییەکانیان. بەتایبەتی جلوبەرگی هاوینە، چونکە بەهار سەرماو سۆڵی زستانی لەناوبردبوو. هەر ئەمە وایکردبوو کە دوکانەکان جمەیان بێ لەکڕیار [سون، 1970: 85]. لەهەمان کاتدا ناوچەکانی دەوروبەریش بەرهەمەکانیانی خۆیان لەم شارەدا دەفرۆشت. وەکو شەرابی (ئەرگانا) کە (ژان ئۆتەر) دەڵێ لەدیاربەکردا دەفرۆشرا [ئۆتەر، 2013: 122]. هەروەها کاڵاکانی ئەم شارە هەناردەی شوێنەکانی تر دەکران بەتایبەتی حەلەب وموسڵ. سەبارەت بە حەلەب، گەڕیدەیەکی ڕوسی لەساڵی 1862دا دەڵێ ئەم شارە "کۆگای ئەو کەلوپەل و کاڵایانەیە کە لەئەرمینیا و دیاربەکرەوە دێن" [دانتسيغ، 1981: 289]. (هنری بندێ)ی فەرەنسیش لەساڵی 1885دا ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو دارو تەختەیەی لەموسڵ بەلەمی پێ دروست دەکرێ، لەناوچەکانی نزیك دیاربەکر و شوێنی ترەوە دەهێنرێ [بنديه، 2001: 60]. هەندێ کاڵای تری بەرهەمهێنراوی ئەم شارە ڕەوانەی بەغدا و ئەستەنبوڵ دەکرا؛ وەکو لۆکەو ئاوریشم ومس وئاسن [kinneir, 1813: 334].

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەبێ بزانین کە بایەخی بازرگانی دیاربەکر و هەروەها ڕۆڵی لەم بوارەدا، لەهەموو ماوەی سەردەمی عوسمانیدا لەیەك ئاستدا نەبووەو هەورازو نشێوی بەخۆوە بینیوە. چونکە گەڕیدەیەکی ئەمریکی لەساڵی 1839دا دەڵێ: "بازرگانی دیاربەکر زۆر بەربڵاو نیە وەکو ئەوەی پێشبینیم دەکرد. پێشتر هاتووچۆی کاروانەکان لەنێوان سوریاو شارەکانی ڕۆژهەڵات: ماردین، موسڵ وبەغدا، بەشێکی زۆری لێرەدا تێپەڕ دەبوو. بەڵام لەو کاتەوەی تێپەڕبوون بەبیاباندا ئاسانتر بووە، ئەو برێکی زۆری بەرژەوەندی ئەم بازرگانییەی لەدەستداوە". لەئەنجامدا هەندێ لەدەوڵەمەندترین بازرگانەکانی ئەم شارە گواستوویانەتەوە بۆ شوێنی تر و بازرگانیش بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. هەر ئەم گەڕیدەیە دواتر دەڵێ: "من سەرم سوڕما کاتێ بینیم کە ئەم شارە هاموشۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵ قەیساریەو وولاتی دواوەی ئەو نیە، بەڵام لەلاکەی تردا لەگەڵ ناوچە سەختەکانی کوردستانی هەیە". لەکۆتاییدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە تایبەتمەندی سەرەکی دیاربەکر لەوەدایە کەوتۆتە سەر ڕێگای مەزنی هاتووچۆی نێوان ئەستەنبوڵ وبەغدا [sawthgate, 1840: 291- 292]. ئەمەش هەر ئەوەیە کە لەسەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژەمان پێدا.

**باسی سێیەم: لایەنی کارگێڕی وسیاسی**

لەنێو گەشتنامەکانی بەردەستماندا هەندێ سەرنج و زانیاری دەبینین لەبارەی دیاربەکر، کەپەیوەندییان بەلایەنی کارگێڕی وسیاسییەوە هەیە؛ بەشێکی ئەو زانیارییانە پەیوەستن بە دیدەنی سەرداری شارەکەو ئاسانکاری کردن بۆ گەشتی گەڕیدەکان. بەتایبەتی گەڕیدە ئەوروپاییەکان کە بەهەر شارێکدا تێپەڕبوونایە (نامەی ڕاسپاردن)یان لەسەرداری شارەکە یان ویلایەتەکە وەردەگرت بۆ سەرداری شاری دواتر کە بەنیازبوون گەشتی بۆ بکەن. بۆ نمونە (ژان ئۆتەر) کاتێ گەیشتۆتە دیاربەکر سەرەتا بەرپرسی ئاسایشی بینیوەو نامەیەکی لەمجۆرەی داوەتێ کە لەبەرپرسێکی باڵای عوسمانی وەرگرتبوو. بۆیە ئەویش دیداری والی دیاربەکری بۆ سازکردووە لەڕۆژی دواتر. سەبارەت بە دیدارەکەش ناوبراو دەڵێ: "هەموو ئەو ڕێزگرتنەی کە لەتورکیا لەباڵیۆزێکی دەگرن، لێیان گرتم، هەرچەندە من ئەو پلەیەشم نەبوو". دوای پرسیارو وەڵام لەبارەی گەشتەکەشی، عەلی پاشای والی دیاربەکر خۆی ڕێگای سەفەری بۆ دیاریکردو بەڵگەی هاتووچۆشی بۆ دابینکردو هەروەها دوو نامەی خۆی بۆ بەرپرسانی ناوچەکانی سەر ڕێگاکەی پێدا [ئۆتەر، 2013: 117- 118]. بێگومان نامەکانی والی بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و ئاسانکاری بووە بەگەڕیدەکە، کەچی بەڵگەی هاتووچۆ وەکو پاسپۆرتی ئێستا وابوو. بەڵام نەك تەنیا لەسنووری ووڵات، بەلکو لەدەروازەی شارە سەرەکییەکانیش داوادەکرا. بەتایبەتی لەسەدەکانی دوایی سەردەمی عوسمانیدا. بۆیە کاتێ (مێجەر سۆن) گەیشتۆتە دیاربەکر، شوفێری گالیسکەکەی داوای لێکردووە (ڕێگەپێدان)ـەکەی ئامادە بکا و پێی گوتووە بێ پێشکەشکردنی کاغەزەکانی پشتیوانی ڕێگا نادەن لەشوورەکان تێپەڕین [سون، 1970: 80].

بێجگە لەمە، گەڕیدەو گەشتیارەکان دەبوو لەخاڵی (گومرگ)یش تێپەڕن، بەتایبەتی ئەگەر کەلوپەلی زۆریان پێبووایە [ئۆتەر، 2013: 117]. هەندێ جاریش لەڕۆژی دواتر کەلوپەلەکانیان وەردەگرتەوە، وەکو مژدەدەری ئەمریکی (ساوزگێت/ 1839) کە دەڵێ دەوامی خانەی گومرگ تەواو بوو پێش ئەوەی کەلوپەلەکانم گومرگ بکرێ، بۆیە داوایان لێکردم بەیانی بێمەوە. ڕۆژی دواتریش چوار کاژێر چاوەڕێی کردووە ئینجا کارەکەی تەواو بووە [sawthgate, 1840: 290].

هەندێ لەگەڕیدەکان باسی بەڵگەکانی هاتووچۆ وگومرگ ناکەن بەڵام باسی پێشوازی وئاسانکاری دەکەن لەلایەن دەسەڵاتدارانی دیاربەکر؛ وەکو (ئەبی تالیب خان) کە دەڵێ چوومە لای (ئەحمەد ئەفەندی) سەرداری شارەکە کە زۆر دۆستانە پێشوازی لێکردم وداوای لێکردم چەند ڕۆژێ لەلای بمێنمەوە. لەکاتی ڕۆیشتنیش فەروێکی پێداوە بۆ لەبەرکردن وفەرمانبەرێکی لەگەڵداوە تا هاوڕێیەتی بکات بۆ ماردین. دیارە (ئەبی تالیب خان) سکاڵاشی لەو ڕێبەرە هەبوو کە لەئەستەنبوڵەوە بۆی دیاریکرابوو. بەڵام والی بۆی ڕوونکردۆتەوە کە دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەسەدا ناشکێ، چونکە حکومەتی سوڵتان دیاریکردووە [ابي طالب خان، 2007: 245]. لەمەدا دەردەکەوێ کە هەر بەرپرسێکی عوسمانی پێگەی خۆی زانیوەو لەسنووری دەسەڵاتی خۆی یارمەتی گەڕیدەکانی داوە. بۆیە ئەو پاسەوانانەی لەدیاربەکرەوە بەگەڵ (ولیەم هیوود) و هاوڕێکانی کەوتوون، دوای ماوەیەك ڕۆیشتن ڕەتیانکردەوە زیاتر لەگەڵیان بڕۆن [هیوود، 2012: 95].

کەواتە دەسەڵاتدارانی دیاربەکر بەڵگەنامەی سەفەرو نامەی ڕاسپاردەو هەروەها ڕێبەر و تەنانەت پاسەوانیشیان بۆ گەڕیدەکان دابینکردووە، سەرباری پێشوازیکردن وپێدانی دیاری. هەر لەچوارچێوەی ئاسانکاری بۆ گەڕیدەکان، شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکراوە. بۆ نمونە (ژان ئۆتەر) لەچاوەڕوانی دیداری والیدا، شەوەکەی لەماڵی کەسێکی یۆنانی میوانداری کراوە کەپزیشکی والی بووەو هەر ئەویش بۆ ئەمە ڕایسپاردووە [ئۆتەر، 2013: 117]. (ولیەم هیوود)یش لەکاروانسەرایەك دابەزیوە کە لەتەنیشت کۆشکی پاشا بووە و بۆ پێشوازیکردنی نێردراوانی گشتی تەرخانکرابوو [هیوود، 2012: 92]. هەرچی (هۆراشیۆ ساوزگێت)ـە لەماڵی بازرگانێکی گەورەی شارەکە حەواوەتەوە، کە برادەری والی دیاربەکر بووە [sawthgate, 1840: 290]. (جۆن ئاشەر)یش


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەهەمان شێوە لەماڵی بازرگانێك میوان بووە، بەڵام ئەو لەسەر ڕاسپاردەی والی بردراوە بۆ ماڵی "بازرگانێکی ئەرمەنی کە شانازی بەمیوانداری گەشتیارە ئەوروپاییەکان دەکرد لەخانووە فراوانەکەیدا" [رحالة اوروبیون، 2007: 123].

بەپشت بەستن بەم زانیارییانە دەتوانین بلێین زۆربەی گەڕیدەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی دیاربەکرەوە پێشوازییان لێکراوەو وەکو میوانی فەرمی داندراون. ئەگەر مەسەلەکە بۆ گەڕیدە بیانییەکان وابێ، ئەوا بێگومان بۆ بەرپرسێکی فەرمی وەکو (عالی بەگ) کە بە ئەرکێکی فەرمی هاتبووە دیاربەکر، زیاتریش بووە. بۆیە ناوبراو دووجار (سامح پاشا)ی والی دیاربەکری بینیوەو چەند جارێك نانی لەگەڵدا خواردووە، هەروەها لەماوەی (10) ڕۆژی مانەوەی لەشارەکەدا سەرۆکی شارەوانی وپشکنەری تلیگراف وچەند کەسێکی سەربە بنەماڵەی دەسەڵاتداری بینیوە. دواتر گەشتی ڕۆیشتنیشی بۆ ڕێکخراوە [عالي بك، 2015: 24].

هەندێ گەڕیدەی تر تێبینی وسەرنجی ترمان لەبارەی دیاربەکرەوە پێدەدەن کەڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەلایەنی کارگێڕی وسیاسییەوە هەیە؛ وەکو (مەتراقی زادە)ی عوسمانی، کە لەچوارچێوەی باسکردنی شەڕەکانی سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی (1520 -1566)دا چەندین جار ئاماژە بەڕۆڵی والی دیاربەکرو هێزەکانی دەکات لەبەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی سەفەوی. هەروەها پێمان دەڵێ کە سوڵتان سلێمانی قانونی لەکاتی گەڕانەوەی لە هەڵمەتە مەزنەکەی ساڵانی 1534- 1535دا، لەڕێی (ئەخلات)ـەوە هاتۆتە قەڵای ئامەد و (21) ڕۆژ لەوێ ماوەتەوە [مطراقي زادە، 2003: 103، 132، 138، 147 -151].

هەرچی (ئەولیا چەلەبی)یە کەزانیاری جۆراوجۆری لەسەر دیاربەکر تۆمارکردووە، سەرنجی زیاترمان سەبارەت بەلایەنی کارگێڕی- سیاسیی ئەم شارە پێدەدات؛ ناوبراو دوای باسکردنی کورتەیەکی مێژووی شارەکەو گیرانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، دێتە سەر باسی لایەنی کارگێڕی. بەگوتەی ئەو ئیالەتی دیاربەکر (19) سنجەقی لەخۆگرتووە لەگەڵ (5) قەوارەی تر کە پلەی "حکومەت"یان هەبووە. ئەم حکومەتانە هەموو داهاتەکانیان بۆ میرە کوردەکان بوو کە بەمیراتگری بەڕێوەیان دەبرد وبەنازناوی "جەناب" بانگدەکران، بەڵام دەبوو بەشداری شەڕەکانی دەوڵەت بن. حکومەتەکانیش ئەوانە بوون: جزیرە، ئەگیل، گەنج، پالۆ، حەزۆ. لەنۆزدە سنجەقەکەش هەشتیان هی بەگە کوردەکان بوون، کە ئەوانیش مافی بۆماوەییان هەبوو لەحوکمڕانیکردندا بەڵام دەبوو باج بدەنە دەوڵەت و هەروەها لەکاتی پێویستدا لەشکری بۆ ئامادە بکەن و لەشەڕەکانی عوسمانیدا بەشدار بن. ئەوانیش بریتی بوون لەسنجەقەکانی: سیغمان، قۆلپ، مەهرانییە، تەرجیل، ئەتاق، پرتك، چەپاقچور، چەرمك. ئەو یازدە سنجەقەش کە مابوونەوە، سنجەقی ئاسایی بوون و هەموویان لەلایەن بەگی عوسمانییەوە بەڕێوە دەبران کە دەوڵەت دیاری دەکردن. ئەوانیش بریتی بوون لە: خارپوت، ئەرغنی، سێڤەرك، نەسیبین، حەسەنکێف، چەمیشگەزك، سەعەرد، میافارقین، ئاقچە قەڵا، خابور، شنگال. بێگومان (ئامەد)یش ناوەندی ئیالەتەکە بوو بۆیە والی تێدا دادەنیشت و هەر ئەویش بەڕێوەی دەبرد. بەڵام لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم ڕێکخستنە کارگێڕییە تایبەت نەبوو بەسەردەمی گەشتەکەی (ئەولیا چەلەبی) کە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم بوو، چونکە ناوبراو لەم باسەدا پشتی بەقانونی سوڵتان سلێمان (1520- 1566) بەستووە [بڕوانە: چەلەبی، 1978: 32- 36].[vi] ئەم قانونەش بەپێی بۆچوونی توێژەرێکی هاوچەرخ، لەدەوروبەری ساڵی 1533دا دەرچووە [اوزاغلو، 2016: 89].

(ئەولیا چەلەبی) چەندین زانیاری تریشی لەگەشتنامەکەیدا تۆمارکردووە سەبارەت بەلایەنی دارایی و سەربازی وهەروەها دادوەری لەئیالەتی دایربەکردا. بۆ نمونە دەڵێ لە (ئامەد)ی سنجەقی پاشا (9) زەعامەت و (168) تیمار هەیە. هەروەها ئاماژە بەژمارەیەك (خاس)یش دەکات کە تایبەت بوون بە بەگی سنجەقەکان وبەرپرسە گەورەکانی ئیالەتەکە، بۆ هەر یەکەشیان خاوەنەکەو برەکەی دیاری دەکات. ئەوەش واتای ئەوەیە کە ڕژێمی دەرەبەگایەتی عوسمانی تێدا پەیڕەوکراوە.[vii] دیارە بۆ سەرپەرشتی کاروباری داراییش چەند دەفتەردارێك لەوێدا هەبوون. لەبارەی هێزی سەربازیشەوە، ئاماژە بەوە دەکا کە لەسەرانسەری دیاربەکردا (3) هەزار سەربازی چەکدار هەیە بۆ کاتی شەڕو (والی)ش (3) هەزار چەکداری بژاردەی تایبەت بەخۆی هەیە. دواتر پلەکانی فەرماندە سەربازییەکانی ئیالەتی دیاربەکر و ڕیزبەندییان لەناو سوپادا دەخاتەڕوو؛ لەگوتەکانیشیدا دەردەکەوێت کە لەدوای والی وجێگرەکەی، میری حکومەتە کوردییەکان بوون، ئینجا میری سنجەقەکانی تر وخاوەن پایەکانی تر لەڕیزبەندی سەربازیدا دەهاتن. سەبارەت بەدادوەریش دەڵێ (ئامەد) پلەی (مەولەوی)[viii] هەیەو دادوەری ئامەدیش (مەحزەر باشی)[ix] و (چۆخەدارباشی)[x] هەیە. هەروەها نوێنەری لەهەرێمەکانی ئیالەتەکەدا هەیەو باسی مووچەی هەمووشیان دەکات. دیارە بێجگە لەشافیعی کە مەزهەبی کوردان بوو، مەزهەبەکانی دیکەش لەدیاربەکردا موفتی ونەقیبی ئەشرافیان هەبوو [چەلەبی، 1978: 36- 38].

سەبارەت بەڕووداوە سیاسییەکانی پەیوەست بەدیاربەکریشەوە، (ئەولیا چەلەبی) ئاماژە بەهێرشێکی (مەلیك ئەحمەد پاشا)ی والی پێشووی دیاربەکر دەکات بۆ سەر کوردە ئێزیدییەکانی شنگال. لەگەڵ باسی خۆئامادەکردنی (مستەفا پاشا فیراری) والی ئەوکاتەی دیاربەکر، بۆ هێرشێکی هاوشێوە. هەروەها لەسەروبەندی گێڕانەوەی هێرشی بەربڵاوی (مەلیك ئەحمەد پاشا)ی والی وان بۆ سەر

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(ئەبدال خان) ی میری بەدلیس، ئاماژە بە بەشداری والی دیاربەکر و هێزەکانی دەکات لەم هێرشەدا. بێگومان ئەم زانیارییانەش بایەخی گرنگیان هەیە، چونکە ناوبراو خۆی شایەتحالی ئەم ڕووداوانە بوو [بڕوانە: چەلەبی، 1978: 79- 85، 249].

دوای نزیکەی سەدەیەك، (ژان ئۆتەر)ی فەرەنسی هەندێ زانیاری کارگێری هاوشێوەی (ئەولیا چەلەبی)، لەبارەی دیاربەکر تۆمار دەکات. کە زۆر پێدەچێ هەر لەکتێبەکەی ئەوی وەرگرتبێ، یان هەردووکیان سەرچاوەیەکی هاوبەشیان هەبێ بۆ ئەم زانیارییانە. لەگەشتنامەکەی (ژان ئۆتەر)دا هاتووە کە: ئیالەتی دیاربەکر لەخۆرهەڵاتەوە بە ئیالەتی (وان) و لەباکوورەوە بە (ئەرزەرۆم)و لەخۆئاواوە بە (سیواس)و لەباشوورەوە بە (ڕاکا = ڕەققە) و (موسڵ) دەورە دراوە. ئیالەتەکە (19) سنجەقی هەیە کە هەشتیان هی بەگە کوردەکانەوە بە تەواوی نەکەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی. سەرباری ئەمانە (5) حکومەتیشی هەیە. (ئامەد)یش نشینگەی پاشایە، واتە ناوەندی ئیالەتەکەیە. هەروەها ئاماژە بە هەبوونی چەند دەزگایەکی بالای دادگا کراوە لەدیاربەکردا. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم وەرگێرانە کوردییەی گەشتنامەکە کە ئێمە پشتمان پێبەستووە، زاراوەو دەستەواژەکان بەهەڵە بەکاردێنێ وئێمە ڕاستمان کردۆتەوە. چونکە لەجیاتی (ئیالەت) پارێزگا بەکاردێنێ و لەجیاتی (سنجەق)یش ناوچەو بلۆك بەکاردێنێ. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی لەجیی (حکومەت) داناوە. بەدحاڵیبوونیش لەهەڵوەمەرج وشێوازی حوکمڕانی سنجەق و حکومەتە کوردییەکان هەیە. جا نازانین وەرگێرە کوردییەکە زاراوەکانی بەدەقی خۆی دانەناوە، یان وەرگێرە فارسییەکە کە ئەو پشتی پێبەستووە. یان گەڕیدەکە لەبنەڕەتدا زاراوەکانی گۆڕیوە بەپێی تێگەیشتنی خۆی [ئۆتەر، 2013: 115].

بێجگە لەمانەی باسکران، (ژان ئۆتەر) و هەندێ گەڕیدەی تریش، چەند زانیارییەکی دیکەی پەرشوبڵاومان دەدەنێ کە پەیوەندییان بە ڕەوشی سیاسی دیاربەکرەوە هەیە؛ بۆ نموونە ئەم گەڕیدە نێوبراوە بۆمان ئاشکرا دەکات کە قەشەی کڵێسای دیاربەکر پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ بالیۆزی فەرەنسا لەئەستەنبوڵ و هەروەها (عەبدولباقی خان)ی سەرۆکی شاندی ئێرانی بۆ دەولەتی عوسمانی، دامەزراندووە. چونکە نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ باڵیۆزدا هەبووەو لە (قۆچ حەسار)یش بۆ جاری دووەم سەردانی سەرۆکی شاندەکەی ئێرانی کردووە. هەر ئەو گەڕیدەیە لەدیوەخانی (عەلی پاشا)ی والی دیاربەکر بوو، کاتێ فرمانی سوڵتانی بۆ هات کە بنێتە سەرداری سوپا. لەگەڵ فرمانەکەشدا دیاری سوڵتانی بۆ هاتبوو کە بریتی بوو لە (خەفتان) و شمشێرێکی گەوهەردار. بێگومان ئەمە لەو کاتەدا بوو کە هێشتا جەنگ لەدژی نادرشای ئەفشار (1736- 1747) تەواو نەببوو. بۆیە (ژان ئۆتەر) ئاماژە بەوە دەکا کە زۆربەی ووڵاغەکاتی بار لەشارەکەدا نەمابوون و بەبێگاری بردرابوون بۆ گواستنەوەی پێداویستییەکانی جەنگ [ئۆتەر، 2013: 44، 117، 118]. لەڕووداوە مێژووییەکانیشدا بەدیاردەکەوێ کە والی دیاربەکر لەساڵی داهاتوودا فەرمانی پێکراوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی هێزەکانی بکا بەرەو سنووری ئێران [نورس، 1979: 199]. ئەمەش زانیارییەکانی ئەم گەڕیدەیە پشتڕاست دەکاتەوە.

دوا زانیاری سیاسی کە (ژان ئۆتەر) پێمان دەدا ئەوەیە کە (ئەحمەد خان)ی میری سنە لەو دەمەدا (ساڵی 1743) پەنابەری سیاسی بووە لەدەولەتی عوسمانی و لەدیاربەکر دانیشتووە. سەبارەت بە هەڵاتنیشی گوێبیستی ئەو دەنگۆیە بووە گوایا نادرشا داوای پارەیەکی زۆری لێکردووە کە لەتوانای دانەبووە، بۆیە لەترسی کوشتن هەڵاتووە. سەرەڕای ئەمەش بەرپرسانی عوسمانی متمانەی تەواویان پێنەکردووەو لەوە ترساون سیخوڕی نادرشا بێ و بەفێڵ هاتبێ. بۆیە لەژێر چاودێرییان داناوە. (ژان ئۆتەر) ئەمەی لەخانەخوێیەکەی بیستووە کە پزیشکە یۆنانییەکەی والی دیاربەکر بوو، بۆیە وازی لەهەوڵەکانی هێناوە بۆ دیتنی ئەو میرە کوردە [ئۆتەر، 2013: 119]. ئەمەش زانیارییەکی مێژوویی گرنگەو هەندێ لایەنی شاردراوەی ڕووداوی هەڵاتنی ئەم میرە کوردەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی عوسمانییەوە هەیە. بەڵام هۆکاری هەڵاتنەکەی بەهەڵە بڵاوبۆتەوە؛ ئەمە (خان ئەحمەد خانی کوڕی سوبحان وێردی خان)ی میری ئەردەلانە کە هاوسەردەمی دەسەڵاتی نادرشا بوو لەئێران. ئەم میرە جێگەی ڕێزو متمانەی نادرشا بوو، بەڵام بەهۆی قاتوقڕییەوە نەیتوانی فرمانەکەی ئەو جێبەجێ بکات وئەم ئازوقەیە بۆ لەشکر دابین بکات کە داوای لێکرابوو. بۆیە لەترسی سزادان ڕایکرد بۆ دەولەتی عوسمانی قاضی اردلان، [محمد شریف، 1393هـ. ش: 62- 63]. کەواتە ئازوقەی لێداواکراوە نەك پارە کە (ژان ئۆتەر) بیستوویەتی. بەپێی سەرچاوەیەکی تریش ئەم میرە تەنانەت عەنبارەکانی نادرشای کردۆتەوەو ئازوقەی بەسەر خەڵکە برسییەکەی ئەردەلاندا دابەشکردووە. بەڵام دواتر لە تووڕەیی نادرشا ترساوەو سەرەتا بۆ ناوچەی بابان ڕایکردووەو دواتریش لەڕێگای موسڵەوە چووەتە دیاربەکر وحەلەب [کوردستانی، 1989: 97- 98]. لەکۆتاییشدا خۆی گەیاندۆتە دەرباری عوسمانی و سوڵتان ڕێزی زۆری لێناوەو بۆ شەڕی ئێران بەکاری هێناوە [بۆ زیاتر بڕوانە: کوردستانی، 1989: 98- 100؛ محمد شریف، 1393هـ. ش: 63- 64]. لەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دیاربەکر تەنیا وێستگەیەك بوو لەڕێگای ئەم میرە بەرەو پایتەختی عوسمانی. دیارە بەرپرسانی ئەم شارەش لەسەرەتا گومانیان لێکردووە بۆیە لەژێر چاودێرییان داناوە. دەکرێ بۆ پاراستنی گیانی ئەویش ئەم کارەیان کردبێ.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
ص:1-16
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(دۆمنیکۆ لانزا)ی ڕەبەنی ئیتاڵی کە چەند ساڵێك لەموسڵ نیشتەجێ ببوو، پێشهاتێکی سیاسی ترمان بۆ باس دەکا کە پەیوەستە بەحوکمرانی بنەماڵەی جەلیلییەکان لەموسڵ، بەڵام پەیوەندی بە دیاربەکریشەوە هەیە. ناوبراو باسی (ئەمین پاشای جەلیلی) دەکات ودەڵێ لەساڵی 1768دا پایەی (وەزیر)ی پێدراوەو خۆی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی حوکمرانی ئیالەتی موسڵ بکات. بەڵام لەپڕێکدا نێردراوی پایتەخت هاتووەو فرمانی حوکمرانی دیاربەکری بۆ هێناوە. ئەمەش جێگەی دڵخۆشی ناوبراو نەبووەو هەستی بەپیلانێك کردووە لەمەدا، بۆیە هەوڵی زۆری داوە کە لەموسڵ بمێنێتەوە. پیلانەکەش بەگوتەی (لانزا) لەلایەن والی بەغدا بووە کە دوژمنایەتی جەلیلییەکانی[xi] دەکرد، بۆیە ویستویەتی (ئەمین پاشا) بکرێتە والی دیاربەکر کە ئیالەتێکی "پانوپۆڕەو پڕە لەڕەگەزە کوردیە جۆربەجۆرەکان کە سەرانە دەدەنە پاشا" [لانزا، 1953: 60]. لەمەدا بەدیاردەکەوێ کە حوکمرانی ئیالەتی دیاربەکر ئەرکێکی وا ئاسان نەبووەو هەموو بەرپرسێك لەخۆی ڕانەدیوە ئەم کارە بکات. ئەمەش بەهۆی دەسەڵاتی فراوانی ئیالەتەکەو ئەرکی سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانی بووە بەسەر قەوارە کوردییەکان، کە بەرپرسیارێتییەکی قورس بووە.

هەندێ گەڕیدەی تر لەڕەوشێکی سیاسی هەستیاردا سەردانی دیاربەکریان کردووە؛ وەکو پزیشکی مژدەدەری ئەمریکی (گرانت) کە لەساڵی 1839دا لەسەروبەندی شکستی لەشکری عوسمانی لەشەڕێکی گەورەدا[xii] هاتۆتە ئەم شارە. بۆیە دەبێتە شایەتحاڵێکی گرنگ بۆ ئەو بێ سەروبەرییەی کە لەئەنجامی ئەو شکستە لەدەڤەرەکە پەیدابوو. بەگوتەی ئەو هەواڵی تێکشکان و پەرتەوازەبوونی لەشکری عوسمانی لەگەڵ سەدان سەربازی هەڵاتوو لەمەیدانی شەڕ، گەیشتە ئەو شارە. ئەو سەربازانە لەبارێکی شپرێو دابوون، چونکە لەلایەن ئەو کوردانەوە ڕووتکرابوون کە دەستیان بەسەر ڕێگاکاندا گرتبوو [Grant, 1841: 31 -32]. بێگومان ئەمەش کاردانەوەی کورد بوو لەهەمبەر زەبروزەنگی لەشکری عوسمانی کە بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا کوشتارو تاڵانکاری زۆری لەکوردستاندا کردبوو [بڕوانە: هروتی، 2008: 216- 220]. بەڵام (گرانت) ئاماژە بەم لایەنە ناکات و تەنیا باسی ئەو توندوتیژی وئاژاوەو تاڵان وکوشتنە دەکات کە لەو ماوەیەدا ناوچەکەی گرتبۆوە. ئەو دەڵێ: "بەدەگمەن پیاوێك بوێری ئەوەی هەیە کە بێ پاسەوانییەکی گەورە شوورەی شار جێبهێڵێ. هەر پیاوێك دزی لەو پیاوە دەکات کە دەیگاتێ. بازووی بەهێز تاکە یاسایە". بێگومان سەرداری دیاربەکر هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاسایشی داوە، بەڵام ئەم هەوڵەش لەتوندوتیژی وخوێنڕشتن بەدوورنەبوو. ئەوەتا سەری پێنج کوردو (40)گوێی لەبازاڕ هەڵواسیوە، بۆ تۆقاندنی ئەو کەسانەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەر گیان وماڵی خەڵك. سەرەڕای ئەوەش هەر ئەم بازارە دوای دوو ڕۆژ، دووبارە کرداری تاڵان وبڕۆیی بەخۆوە بینییەوە [Grant, 1841: 32].

دیارە مەترسی ئەو ئاژاوەیە ئەوروپییەکانیشی گرتبۆوە؛ چونکە ئەم شکستە سەربازییە لەلایان کۆی خەڵك گێردرایەوە بۆ لەبەرکردنی جلی ئەوروپی و پەیڕەوکردنی سیستمی ئەوروپی. ئەمەش نارەزایی زۆری لێکەوتەوەو رق وکینە لەدژی ئەوروپییەکان پەرەیسەند کە بەهۆکاری سەرەکی شکستەکە دادەنران. بەگوتەی (گرانت) دەمارگیری ئایینیش لەمەدا کاریگەری هەبوو؛ گوایا موسڵمانەکان لەوە دەترسان کە لەگەڵ لاوازبوونی دەولەتی عوسمانی، مەسیحییەت لەسەر داروپەردووی ئیسلام هەستێتەوە. ناوبراو دەڵێ: "ئەم ڕق وکینەیە هەر لەوەدا نەمایەوە کە ئێمە لەشەقامەکاندا بە(سەگی گاور) بانگ بکرێین، بەڵکو وەك دەگوترا نیازێك هەبوو بۆ کوشتنی هەموو ئەوروپییەکان لەم شوێنە. ئەستەمە بزانرێ کە چی ڕوویدەدا ئەگەر ئێمە لەوێ بمابایەنەوە، بەڵام ئێستا دەزانم کە دوای ئەوەی ئێمە ڕۆیشتبووین هەندێ موسڵمان هاتبوونە ماڵەکەمان ونیازی خراپیان هەبوو" [Grant, 1841: 32].

دوا گەشتنامە کە هەندێ سەرنجی تری سیاسی تێدایە لەبارەی دیاربەکر، بریتییە لەگەشتنامەکەی هەردوو برا (وێگرام). ئەوان دوای باسکردنی مێژووی کۆنی ئەم شارە، دێنە سەر باسی کوشتاری ئەرمەن. بەگوتەی ئەوان دیاربەکر یەکێك بووە لەمەیدانەکانی ئەم کوشتارە و لەساڵی 1895دا نزیکەی (2500) ئەرمەنی تێدا کوژراوە.[xiii] ئەوان بەبڕوای خۆیان شوێنەواری کارەساتەکەیان بینیوە. بەتایبەتی شوێنێکی چۆل لەناوەندی شاردا کە دەڵێن پێشتر گەڕەکی ئەرمەنەکان بووەو لەگەڵ زەوی تەختکراوە. ئەم دوو برایە حکومەتی ئەستەنبۆڵ بەتاوانباری سەرەکی دادەنێن و دەڵێن بە تەگبیرو فرمانی ئەو کوشتارەکە ڕوویداوە. ڕووداوەکەش بۆ هۆکاری سیاسی دەگێڕنەوە، چونکە بەئامانج گرتنی ئەرمەنەکان و سەلامەت بوونی ئاسوورییەکانی ئەم شارە، هۆکاری ئایینی بەدووردەخاتەوە. بەبۆچوونی ئەوان ڕقی تورکان لە ئەرمەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەرمەن تاکە میللەتە لەنێو میللەتانی ئیمپراتۆریای عوسمانی کە تورکەکان لێیان بترسن. لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆرەو گیانی نیشتیمانییان لەجۆشدایە. هەروەها هیوای سەرکەوتنیشیان بەرز بوو، ئەگەر بەم شێوەیە نەکەوتبانە بەر زەبری هێزی عوسمانی [بڕوانە: ویگرام و ویگرام، 2010: 31-37].

برایان (وێگرام) بەنیگەرانییەوە سەیری هەلومەرجی سیاسی شاری دیاربەکریان دەکردو ئەگەری دووبارەبوونەوەی کوشتاری ئەرمەنەکان، لەلایەن ئەوان پرسیارێك بوو. بەتایبەتی کە لەهەندێ شوێن گوێبیستی جنێوی منداڵانی شارەکە دەبوون، کە ئەمەش بەبڕوای ئەوان لاساییکردنەوەی گەورەکان بوو. بەڵام هەڵویستی باشی والی دیاربەکریش تۆمار دەکەن، کە بەڵێنی بەکەسێکی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ناسیاوی ئەوان داوە، لەئەگەری خراپبوونی بارودۆخەکە، پێشوەختە ئاگاداری بکاتەوە ئەگەر بتوانێ. لەکۆتاییشدا ئاماژە بەهەبوونی نوێنەرایەتییەکی وولاتەکەیان (واتە: بریتانیا) دەکەن لەدیاربەکردا. بەڵام دیارە لەو ماوەیەدا بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە، بۆیە ئاستی نوێنەرایەتییەکە دابەزیوە بۆ (جێگری کونسول) و لەو دەمەشدا هیچ کەس ئەو پایەی پرنەکردۆتەوە. ناوبراوان ئەمەشیان گێراوەتەوە بۆ سیاسەتی حکومەتەکەیان، گوایا لەو دەمەدا خواستەکەی وابوو کە پێشهاتەکانی ئەم دەڤەرە فەرامۆش بکات. هەروەها دەڵێن ئەو بازرگانییە بریتانییەی کە هۆکاری رووکەشیی دامەزراندنی ئەم نوێنەرایەتییە بوو، ئەمڕۆ نادیارەو هیچ قەوارەیەکی نیە. بەڵام لەهەستی کەمینەکانی ئەوێ تێگەیشتوون کە بەلای ئەوانەوە هەبوونی تەنیا یەك ئەورووپی واتای پاراستنی دەرەکی بەخشیوە [ویگرام و ویگرام، 2010: 37، 41]. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دەستوەردانی وولاتانی ئەورووپی لەکاروباری دەولەتی عوسمانی بەبیانووی پاراستنی کەمینە کریستیانەکان، کە هیوایەکی ساختەی بەم کەمینانە بەخشیوە.

**کاکڵەی توێژینەوە:**

لەسەردەمی عوسمانیدا چەندین گەڕیدە سەردانی شاری دیاربەکریان کردووە. ئەم گەڕیدانە سەرنجی باری ئابووری شارەکەیان داوەو زانیاری گرنگیان لەبارەی کشتوکاڵ و پیشەگەری وبازرگانی و هەروەها ڕێگاکانی گواستنەوە تۆمارکردووە. هەندێ تێبینی تریشیان نووسیوە کە پەیوەندییان بەڕەوشی سیاسی دیاربەکرەوە هەیە. سەبارەت بەکشتوکاڵ، گەڕیدەکان باسی ئەوەیان کردووە کە دیاربەکر خاکێکی بەپیت وئاوێکی زۆر وکەشوهەوایەکی لەباری هەیە بۆ کشتوکاڵ. تێبینی ئەوەشیان کردووە کە خەڵکی ناوچەکە شارەزایی باشیان هەبوو لەم بوارەداو کێڵگەو باخەکانیان پەیین دەکرد. بۆیە چەندین جۆر دانەوێڵەو میوەی نایابیان بەرهەم دەهێنا. بەتایبەتی شفتی وکاڵەك کە بەهۆی گەورەیی و تامی خۆشیان، زیاتر جێگەی سەرنجی گەڕیدەکان بوون. دەبێ بگۆترێ کەگەڕیدەیەك پەسنی سامانی ئاژەڵی دیاربەکریش دەکات. هەروەها لەم سەردەمەدا چەندین کارو پیشە لەدیاربەکردا هەبوون کە هۆکاری پەیداکردنی بژێوی خەڵکی شارەکە بوون؛ وەکو ئاسنگەری، مسگەری، زێرنگەری، زیوگەری، بەرگدروو، کورتاندروو وهیتر. هەروەها زۆربەی پیشەکان گوزەرێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو لەبازاڕی شارەکەدا. هەندێ لەپیشەگەرانیش بەهۆی لێهاتوویی وکارامەییان بوونەتە جێگەی پەسنی گەڕیدەکان وهەندێ کاڵای دروستکراویشیان بەهۆی چاکییان، لەهەرێمەکانی ترەوە داوایان لەسەربوو. بەتایبەتی قاپوقاچاخی مس ناوبانگی هەبوو، کە بەزۆری ئەرمەنەکان دروستیان دەکرد. لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمیشدا هەندێ لەدەزگا پیشەگەرییەکان پەرەیان سەند و بوونە کارخانەو لەئەنجامدا هەندێ پیشەسازی لەم شارەدا پەیدابوو، بەتایبەتی پێستەخۆشکردن و کوتاڵ چنین. لەڕووی بازرگانیشەوە دیاربەکر پێگەیەکی بەرچاوی هەبوو؛ چونکە چەندین ڕێگای بازرگانی سەرەکی بەم شارەدا تێپەڕدەبوون وگەلێك ناوەندی بازرگانی بەیەکەوە دەبەستەوە. ئەمەش وایکردبوو کە ببێتە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی لەناوچەکەدا. بۆیە ئەم شارە خاوەن بازاڕێکی ئاوەدان و پڕکاڵا بوو، بازرگانی زۆر گەورەشی تێدابوو کە لەنێوان شارەکاندا بازرگانییان دەکرد. هەروەها دیاربەکر بێجگە لەوەی کە سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتووانی دەوروبەر بوو، ناوەندێکیش بوو بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەوان. لەسەرێکی تریشەوە کاڵاکانی ئەم شارە هەناردەی مەڵبەندەکانی تر دەکران، بەتایبەتی حەلەب وموسڵ و هەروەها بەغدا وئەستەنبۆڵ.

گەڕیدەکان هەندێ زانیاریمان لەبارەی ڕەوشی کارگێری وسیاسی دیاربەکریش پێدەدەن؛ زۆربەیان باسی دیداری سەرداری شارەکەیان کردووەو لەو ئاسانکارییانە دواون کە بۆیان کراوە: وەکو پێدانی بەڵگەی هاتوچۆ و نامەی ڕاسپاردن بۆ بەرپرسانی سەر ڕێگەی گەشتەکەیان. هەندێ گەڕیدەی تر بەتایبەتی (ئەولیاچەلەبی)، زانیاری وورد وهەمەلایەنە سەبارەت بەلایەنی کارگێری و تەنانەت سەربازی ودارایی دەخاتەڕوو. هەروەها ئاماژە بە هەندێ ڕووداوی سیاسیش دەکات کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارانی دیاربەکرەوە هەیە. سەبارەت بەڕەوشی سیاسی دیاربەکر، زانیاری لەهەندێ گەڕیدەی تریش وەردەگرین؛ وەکو (ژان ئۆتەر) کە هەندێ ڕووداوی پەیوەست بەشەڕەکانی نادرشای ئەفشار باس دەکات. هەروەها (گرانت)یش کاردانەوەکانی شکستی عوسمانی لەشەڕی (نزیب/ 1839) لەسەر دەڤەرەکە وێنا دەکات. بەگشتی دەتوانین بڵێین گەشتنامەکان وەکو سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ نووسینەوەی مێژووی سیاسی ناوچەکەش سوودیان لێدەبینرێ.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**پەراویزەکان:**

(i) لەتوێژینەوەیەکی پێشتردا باسی بنەچەی ناوی ئەم شارەمان کردووەو روونمان کردۆتەوە کە لەبنەڕەتدا ناوی (ئامەد) بووە. بەڵام لەسەردەمی عوسمانیدا بەرەبەرە ناوی هەرێمەکەی بەسەردا زاڵبووەو بووەتە دیاربەکر، بروانە: [هەروتی، 2018: 524].

(ii) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بروانە باسێکی ترمان بەناونیشانی (پێگەی دیاربەکر لەدەولەتی عوسمانیدا) لە گۆڤاری:
Roj a me, H3, 1+1, 2019, rupela 30-37.

(iii) ئۆقیە یان حۆقە: یەکەیەکی کێش بوو لەدەولەتی عوسمانی، بەپێی شوێن و هەروەها سەردەمیش دەگۆڕا، بۆ نمونە لەسەدەی نۆزدەمدا لەکەرکوك 2,566 کگم بووە. [شوانی، 2009: 220]. بەڵام پێدەچێ ئۆقیەی دیاربەکر لەم کێشە کەمتر بێ، چونکە ناشێ شفتییەك بگاتە نزیکەی 100 کگم.

(iv) وەرگێری عەرەبی گەشتنامەکە ووشەی (خراف)ی بەکارهێناوە کە کۆی ووشەی (خروف)ـەو دەکاتە (بەرخ) بەکوردی، بەڵام ئاشکرایە کە لێرەدا مەبەست (کاوڕ)ـە. چونکە گەڕیدەکە دەڵێ کێشی هەر یەکێکیان لە (50) کیلۆ زیاتر بوو، بێگومان هیچ بەرخێکیش کێشی ئەوەندە نابێ.

(v) کەڵەك: هۆیەکی گواستنەوە بوو لەو سەردەمەدا لەڕووبارەکاندا بەکاردەهات. ئەویش بریتی بوو لەکۆمەڵێك هەمبانەی پڕهەوا کە لەسەرەوە بەهۆی چەند دارێکی درێژ بەیەکەوە دەبەستران. ئەو دارانەش تەختەڕێژ دەکران و کەلوپەلیان لەسەر دادەنرا. هەندێ جار ژوورێکی بچووکی بەدار یان چادر لەسەر دروستدەکرا، بۆ پاراستنی گەشتیاران لەباران وگەرمای خۆر. کەڵەك تەنیا بەئاراستەی رووبارەکە دەڕۆیشت بۆیە دوای گەیشتنی بەشوێنی مەبەست هەڵدەوەشێنرایەوەو تەختەکان دەفرۆشران. [اولیفییە، 1988: 54 ؛ عالي بك، 2015: 39- 40].

(vi) دیارە گەڕیدەی ناوبراو لەهەندێ ژمارەدا هەڵەی کردووە، بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە کە خستمانەڕوو.

(vii) ڕژێمی دەرەبەگایەتی عوسمانی هەوڵێك بوو بۆ دابینکردنی مووچەی سەربازو فەرمانبەران لەڕێی داهاتی زەوییەوە. ئەو کەسەی زەوییەکەی بۆ تەرخان دەکرا تەنیا داهاتەکەی وەردەگرت و لەبەرامبەرابەردا ژمارەیەك سوارەی دەدایەی دەولەت لەکاتی جەنگدا. بەپێی ئەم ڕژێمە سێ جۆر زەوی هەبوون کە بەگوێرەی ڕووبەر و داهاتی زەوییەکان دیاری دەکران: جۆری یەکەمیان (تیمار) بوو کە لەساڵێکدا (3- 19.999) هەزار ئاقچەی داهات بوو. دووەمیان (زەعامەت) بوو کە داهاتی (20- 99.999) هەزار ئاقچە بوو. سییەمیشیان (خاس) بوو کە داهاتەکەی لە (100) هەزار ئاقچە زیاتر بوو. ئەم جۆرەیان کە جیاووکی زۆر بوو، بۆ فەرمانبەرە گەورەو فەرماندە سەربازییەکان بوو. [سلطان، د.ت: 181-182].

(viii) مەولەوی: پلەیەکی دادوەری بوو کە بەزۆری دادوەری ئیالەتەکان هەیانبوو، هەندێ جار بۆ دادوەری سنجەقەکانیش بوو، هەرچی دادوەری قەزایەکان بوو، تەنیا نازناوی (قازی)یان هەبوو. بەپێی گوتەی مێژوونووسێك ئەم زاراوەیە لەووشەی (ملا) یان (منلا)ی عەرەبییەوە هاتووە. [مراد، 2018: 159] بەڵام زیاتر پێدەچێ لەووشەی (مەولانا)ـەوە هاتبێ، کە بۆ زانا ئاییننیە گەورەکان بەکاردەهات لەو سەردەمەدا.

(ix) مەحزەرباشی: پایەیەك بوو لەدەولەتی عوسمانیدا، چونکە (مەحزەر) نووسراوێکی نافەرمی بوو کە لەلایەن خەڵکەوە مۆر دەکراو بۆ سکاڵاکردن پێشکەش بەدەولەت دەکرا [صابان، 2000: 204]، (باشی)ش واتە سەرۆك یان بەرپرس. کەواتە زاراوەکە بەگشتی لێرەدا دەبێتە بەرپرسی ئەو سکاڵاو نووسراوانەی کە پەیوەندییان بە دادوەرییەوە هەبوو.

(x) چۆخەدار: فەرمانبەری تایبەت بوو بە جلوبەرگ وپۆشاکی سوڵتانی لەدەولەتی عوسمانی. [صابان، 2000: 88] کەواتە (چۆخەدارباشی) دەبێتە سەرۆکی ئەم فەرمانبەرانە. بەڵام چونکە لێرەدا ئەمە بۆ دادوەری ویلایەتێك کاری دەکرد، بۆیە دەبێتە بەرپرسی پۆشاکی دادوەر وکارمەندانی دەزگای دادوەری ویلایەتەکە.

(xi) جەلیلییەکان بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووی موسڵ بوون، کە لەماوەی ساڵانی 1726-1834دا دەسەڵاتی ئەم ئیالەتەیان قۆرخ کردبوو، بەجۆرێك کە لەکاتی وەرگرتنی پۆستی والی موسڵ و بەبێ ئەویش هەر خۆیان حوکمڕانی ڕاستەقینە بوون. سەبارەت بەڕەچەڵەکی جەلیلییەکان و ماوەی حوکمڕانییان لەموسڵ [بڕوانە: رؤوف، 1975].

(xii) ئەمە شەڕی (نزیب / نسێبین) بوو کە لە حوزەیرانی 1839 لەنێوان لەشکری عوسمانی و هێزەکانی محەمەد عەلی پاشای دەسەڵاتداری میسر ڕوویدا. ئەم شەڕە کە لەنزیك شاری نسێبین ڕوویدا بەشکستێکی گەورەی لەشکری عوسمانی کۆتایی هات و ئەگەر پاڵپشتی ووڵاتە زلهێزەکان نەبووایە دەولەتی عوسمانی تووشی کارەساتێکی گەورە دەبوو. [بڕوانە: المحامي، 2006: 453-455].

(xiii) سەبارەت بە مەسەلەی کوشتاری ئەرمەن لەدەولەتی عوسمانیدا بڕوانە: هوگر طاهر توفيق، الكرد والمسألة الارمنية 1877-1920، مطبعة اراس، اربيل 2012.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: گەشتنامە:**

**أ- بەزمانی کوردی:**

- ئۆتەر، ژان (2013): *سەفەرنامەی ژان ئۆتەر (1734- 1743) سەردەمی نادرشا*، و: محەمەد حەمە باقی، دەزگای موکریانی، چ1، هەولێر.
- چەلەبی، ئەولیا (1978): *کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا/ یان: سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی*، و: ناکام، چ2، بەغدا.
- ریچ، کلۆدیۆس جیمس (2012): *گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820*، و: محەمەد حەمە باقي، چ5، هەولێر.
- نیبور، کارستن (2013): *سەفەرنامەی نیبور لەسەدەی هەژدەدا*، و: ئەردەلان عەبدوڵلا، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- هیوود، ولیەم (2012): *سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆکوردستان ساڵی 1817*، و: د. نەجاتی عەبدوڵلا، هەولێر.

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

- أبي طالب خان (2007): *رحلة ابي طالب خان الى العراق واوروبة*، ت: د. مصطفى جواد، دار الوراق للنشر، بغداد.
- اوليفييه (1988): *رحلة أوليفييه الى العراق 1794-1796*، ت: د. يوسف حبى، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد.
- اينهولت (2012): *رحلة اينهولت الهولندى الى العراق سنة 1866- 1867*، ت: مير بصرى، دراسة وتحقيق: طارق نافع الحمدانى، دار الوراق للنشر، بغداد، بيروت.
- برانت، جيمس (1989): *رحلة المستر جيمس برانت الى المنطقة الكردية عام 1838*، ت: حسين احمد الجاف، مطبعة الجاحظ، بغداد.
- بنديه، هنرى (2001): *رحلة الى كردستان فى بلاد مابين النهرين سنة 1885*، ت: د. يوسف حبى، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
- تافرنييه، جان باتيست (2006): *رحلة الفرنسي تافرنييه الى العراق فى القرن السابع عشر*، ت: كوركيس عواد وبشير فرنسيس، الدار العربية للموسوعات، ط1، د.م.
- راوولف، ليونهارت (2008): *رحلة الهولندى الدكتور ليونهارت راوولف الى طرابلس- دمشق – حلب – الرقة – ديرالزور – بغداد – عانة – الفلوجة – هيت – كركوك – اربيل*، ت: د. سليم احمد خالد، الدار العربية للموسوعات، ط1، بيروت.
- ريفادينيرا، ادولفو (2009): *من سيلان الى دمشق*، ت: صالح علماني، مطبوعات دار المدى، دمشق.
- سون، ميجر (1970): *رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان*، ت: فؤاد جميل، ج1، بغداد
- سون، ميجر (1971): *رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان*، ت: فؤاد جميل، ج2، بغداد.
- عالي بك (2015): *رحلة عالي بك الى العراق العثماني والهند*، ت: محمد حرب، ط1، القاهرة.
- لانزا، دومنيكو (1953): *الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا*، ت: القس روفائيل بيداود، ط2، الموصل.
- مطراقي زاده (2003): *رحلة مطراقي زاده/ لنصوح افندي السلاحي الشهير بمطراقي زاده (توفي بعد 957هـ)*، ت: صبحي ناظم توفيق، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، ابوظبي.
- ويگرام و ويگرام، دبليو. اى. و ادگار. تى. اى (2010): *مهد البشرية/ الحياة فى شرق كردستان*، ت: جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، ط4، اربيل.

**ج- بەزمانی ئینگلیزی:**

- Grant, Asahel (1841): *The Nestorians; The lost tribes*, Harper & Brothers, New York.
- Kinneir, John Macdonald (1813): *A geographical memoir of the Persian Empire*, Printed by Cox and Baylis, London.
- Sawthgate, Horatio (1840): *Narrative of a tour through Armenia, Kurdistan, Persia and Mesopotamia*, Tile and Bogue, London.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**دووەم: کتێب:**

**أ- بەزمانی کوردی:**

- شفيلي، ا. م. مينتيشا (2008): *کورد/ کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی ئابووریی رۆشنبیری وگوزەران*، و: د.عيزەدين مستەفا رەسووڵ، چ2، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- شوانی، بەختيار سەعيد مەحمود (2009):*کەرکوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا* ، سلێمانی.
- کوردستانی، ماهشەرەفخانم مەستورە (1989): *مێژووی ئەردەلان*، و: د. حسن جاف وشكور مستەفا، چ1، بەغدا.

**ب- بەزمانی تورکی:**

- سامي، شمس الدين (1891): *قاموس الاعلام*، مهران مطبعەسی، مج3، استانبول 1308رومی.

**ج- بەزمانی فارسی:**

- قاضی اردلان، محمد شريف (1393هـ. ش): *تاريخ کردهای اردلان*، تصحيح: سيامند خليلى، انتشارات کردستان، سنندج.

**د- بەزمانی عەرەبی:**

- اوزاوغلو، هاكان (2016): *أعيان الكورد والدولة العثمانية/ هويات متطورة وولاءات متنافسه وحدود متحولة*، ت: د. خليل على مراد، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.
- حسين، د. سعدي عثمان (2006):*كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر* ، اربيل.
- دانتسيغ، ب.م. (1981): *الرحالة الروس في الشرق الاوسط*، ت: د. معروف خزندار، بيروت.
- رحالة اوروبيون (2007): *رحالة اوروبيون فی العراق*، دار الوراق للنشر (لندن).
- رؤوف، عماد عبدالسلام (1975): *الموصل في العهد العثماني/ فترة الحكم المحلي 1139-1249هـ/ 1726-1834م*، النجف.
- سلطان، د. علي (د. ت): *تأريخ الدولة العثمانية*، منشورات مكتبة طرابلس العلمية العالمية.
- صابان، د.سهيل (2000): *المعجم الموسوعي للمصطلحات العثمانية التأريخية*، الرياض.
- المحامي، محمد فريد بك (2006): *تاريخ الدولة العلية العثمانية*، تحقيق: د. إحسان حقي، دار النفائس، ط10، بيروت.
- مراد، خليل علي (2018): *العراق في العهد العثماني الثاني/ دراسة في الادارة العثمانية والحياة الاقتصادية 1638 -1750م*، الرافدين للطباعة والنشر، بيروت.
- نورس، د. علاء (1979): *العراق في العهد العثماني/ دراسة في العلاقات السياسية 1700-1800*، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- هروتی، د. سعدي عثمان (2008): *كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية*، اربيل.

**سێیەم: توێژینەوە:**

- الخياط، جعفر (1966): *مشاهدات الدكتور ايفز بين بغداد و كركوك و الموصل*، مجلة (الاقلام) ج (12)، س(2) آب.
- مراد، د. خليل على (2004): *رحلة أولياجلبی مصدرا لدراسة أحوال العراق فی القرن السابع عشر*. مجلة (المشكاة) ع (1) س (1).
- هەروتی، سەعدی عوسمان (2018): دیاربەکر لەگەشتنامەکانی سەردەمی عوسمانیدا/ باری ئاوەدانی و رەوشی کۆمەڵایەتی، لە کتێبی:

Osmanlıdan Günümüze Diyarbakir, Editörler: İbrahim ÖzcoŞar, Ali KarakaŞ, Mustafa Öztürk, Ziya Polat, Ensar NeŞriyat, İstanbul, s.517- 544.

**چوارەم: سایتی ئینتەرنێت**

- https://en.m.wikisource.org/wiki/Kinneir_John_Macdonald_(DNBOO).
- https://www.biblicalcyclopedia.com/G/grant-asahel.html.
- http://www.saradistribution.com/horatiosouthgate.htm.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)